RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 21st May 2025 Accepted: 21st July 2026 Published online: 20th September 2026

The Role of Modern Technologies in Learning the English Language: An Analytical Study of the Perspectives of Imperial English Course Learners

Kalthum Khalid Ahmed[1]
kalthum.khalid@epu.edu.iq
[1]Department of Medical Laboratory Technology, Erbil Technical Health and Medical College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract

The present study examines the effect of modern technology on learning English language in all four skills: reading, writing, speaking, and listening. Language learning in and out of the classroom needs technology. The study focuses on online language courses, learning platforms, language exchange platforms and mixed learning models (online and classroom instruction) to enhance language acquisition from basic to advanced levels.

The questionnaire was designed on Google Forms and distributed to the "Imperial" course at different language centers, receiving 175 responses. Excel and GraphPad Prism 10.4.2 were used to analyse data to establish learners' views on language learning technology. The statistical analysis revealed that 78.3% of the participants liked the course structure and 74.3% liked the learning contents. Technology, especially internet connectivity issues, was a major hurdle for 50.9% of students. Online students (83%) were more satisfied than classroom students (62%) suggesting they found online modality more successful.

The results indicated that technology in language education, particularly blended learning (face-to-face and online teaching), facilitates active participation, out-of-classroom activities, and learner independence. Some recommendations for teachers and for those who design curricula ended the study. These recommendations stressed the need for careful planning and balancing of technology integration to achieve learning objectives and enhance English as a second language acquisition.

Keywords: Technology; Language Exchange Platforms; Imperial Course; Second Language Learning.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ڕۆڵی تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا: توێژینەوەیەکی شیکاری لە تێڕوانینی فێرخوازانی 'خولی ئیمپریال'

کلثوم خالد احمد[1]
[1]بەشی تەکنەلۆژیای تاقیگەی پزیشکی، کۆلێژی تەندروستی تەکنیکی هەولێر و پزیشکی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:
لەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵی تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان لەسەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو، کە ئامانج لێی دەرخستنی ڕۆڵی بەکارهێنانیەتی لەسەر فێربونی زماندا، لە هەمو ئاست و لایەنەکانی 'خوێندنەوە، نوسین، قسەکردن و گوێگرتن'، تەکنەلۆژیای مۆدێرن بوەتە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی فێربونی زمان، لەناو و دەرەوەی پۆلدا، توێژینەوەکە سەرنجی لەسەر بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی تەکنەلۆژیایە، وەک خولی زمانی ئۆنلاین، پلاتفۆرمی ئۆنلاین و ئاڵوگۆڕی زمان، خولی تێکەڵاو (ئۆنلاین و پۆل)، بۆ پشتگیریکردنی فێربونی زمان لە ئاستی بنەڕەتی تا بەرزترین ئاستی پێشکەوتو. توێژینەوەکە بەشێوازی ڕاپرسی ئەنجامدراوە لەڕێگەی Google Forms، کە تیایدا ١٧٥ فێرخواز لە خولی "ئیمپریال" لە چەند سەنتەرێکی زمانی جیاوازدا بەشداربون، هەروەها لەڕێگەی بەرنامەی Excel و GraphPad Prism10.4.2' شیکردنەوە بۆ داتاکان کراوە، بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی فێرخوازان لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە فێربونی زمان هەڵسەنگێندرا. داتاکان بەشێوازی چەندایەتی کۆکراونەتەوە، بەشێوەیەک (٧٨,٣٪)ی بەشداربوان ڕازی بون لە پێکهاتەی گشتی خولەکە، و (٧٤,٣٪) کەرەستەکانی فێرکاربیان بە کاریگەر هەڵسەنگاندوە، بەڵام (٥٠,٩٪)ی فێرخوازان کێشەی تەکنیکیان هەبوە، وەک کێشەی پچرانی هێڵی ئینتەرنێت، کە بەربەستێکی گرنگ دەخاتەپێش. لەلایەکی ترەوە، جیاوازییەکی ئاماری زۆر بەرچاو لەنێوان هەردو گروپدا تۆمارکرا، بەمجۆرە فێرخوازانی ئۆنلاین (٨٣٪) ڕازی بون لە بەرانبەر (٦٢٪)ی فێرخوازانی ناوپۆل، ئەمەش دەیسەلمێنێت مۆدێلی ئۆنلاین لەلایەن فێرخوازان کاریگەرتر بوە.
ئەنجامەکان دەریانخست، کەوا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە فێربونی زمان، بە تایبەتی لە مۆدێلی تێکەڵاو (ناوپۆل، ئۆنلاین)، دەتوانێت بەشداری چالاک، چالاکییە دەرپۆلییەکان و فێربونی سەربەخۆ زیادبکات. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک پێشنیار بۆ مامۆستایان و دارێژەرانی پرۆگرام کۆتایی هاتوە، بە تایبەتی بۆ بەکارهێنانی تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا بەشێوەی دادپەروەرانە و هاوسەنگی بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامە خوازراوەکانی فێرکردن و بۆئەوەی فێربونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دوەم بەشێوەی گشتی و هەمەلایەنەوە باشتر بکرێت.

کلیلە وشە: تەکنەلۆژیا؛ پلاتفۆرمی ئاڵوگۆڕی زمان؛ خولی ئیمپریال؛ فێربونی زمانی دوەم.

١- پێشەکی:

فێربون و فێرکردن بەو گۆڕانکاریانەی، کە تەکنەلۆژیا لە پەروەردەدا هێناویەتیە ئاراوە شۆڕشێکی گەورەی بەسەرداهاتوە. زۆربەی دامەزراوەکانی فێربون هەندێک جۆری ئامراز و پلاتفۆرمی دیجیتاڵییان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی فێربون و فێرکردن بە دەرئەنجامێکی زۆرەوە گونجاندوە. لەگەڵ ئەوەشدا تەکنەلۆژیا جێگەی فێربونی تەقلیدی بە تەواوی نەگرتوەتەوە، بەڵکو بەربەستەکانی کات، شوێن، و دارایی شکاندوە و دەرفەتی فێربونی فراوانتر کردوە. پێوەندی ڕوبەڕو و کارایی مامۆستا هێشتا شتێکن، کە تەکنەلۆژیا بە تەواوی شوێنیان ناگرێتەوە. لەبەرئەوە، وردترین پێناسە ئەوەیە کە تەکنەلۆژیا تەواوکەری فێربونی تەقلیدییە، نەک جێگرەوەی. فێربونی زمان، بە تایبەت زمانی دوەم، پرۆسەی مەعریفی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆز لەخۆدەگرێت. دیاردەیەکی فرەلایەنەیە، کە فێرخوازان توانای پەیوەندیکردن لە سیستەمێکی زمانی نوێدا بەدەستدەهێنن، کە زۆرجار پێویستی بە تێگەیشتن لە پێکهاتە ڕێزمانییەکان و شارەزابون لە بێژەکردن و پەرەپێدانی تواناکانی گوێگرتن و قسەکردن هەیە، پێکهاتەی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا کارلێککردنە، چونکە لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ قسەکەرانی شارەزا ئاسانکاری دەکات بۆ بەدەستهێنانی فێرکردنێکی ئامانجدار (Vygotsky, 1978).بەم بۆچونە فێربونی زمان، تەنیا ئەرکێکی مەعریفی تاکەکەسی نییە، بەڵکو پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە، کە پێویستی بە کارلێکی قوڵ لەگەڵ ژینگەی زمانی هەیە لەکاتێکدا کراشن پێی وایە فێرخوازان زمانی دوەم باشتر فێردەبن کاتێک بەرکەوتەی زانیاری تێگەیشتو دەبن (Krashen, 1982). لە هەمان کاتدا، تەکنەلۆژیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بونەتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ پشتگیری فێربونی زمان و پەرەپێدانی کارامەییەکانی خوێندنەوە، نوسین، گوێگرتن و قسەکرد (Shehab, 2022)، جگە لەوەش تیۆرییەکانی بەدەستهێنانی زمان جەخت لەسەر گرنگی پاڵنەریش دەکەنەوە، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێربون و دەرئەنجامە بەدەست هێنراوەکان هەیە، ئەو فێرخوازانەی پاڵنەرێکی زۆریان هەیە، جا لەڕێگەی حەزکردنی ناوەکییەوە بێت بۆ زمانەکە یان هۆکارە دەرەکییەکانی وەک پێشکەوتنی پیشەیی، ئەگەری سەرکەوتنیان زیاترە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هەربۆیە زۆر گرنگە، کە ژینگەیەک دروست بکرێت فێرخوازان هان بدرێن بۆ بەکارهێنانی چالاکانەی زمانەکە لە ژینگەکانی جیهانی ڕاستەقینەدا، بەمەش تواناکانی پەیوەندیکردن و ڕەوانیی زمانیان باشتر دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان زیاتر جێگیرکراون بۆ ئاسانکاری فێربوونی زمان بە شێوەیەکی سەربەخۆ، کە دەرفەتی هاوسەنگ و هاوکات بۆ کارلێککردن لەگەڵ قسەکەرانی زمانی دایک و فێرخوازانی تر پێشکەش دەکەن، ئەمەش وایکردوە بەدەستهێنانی زمان زیاتر بێت (Chapelle, 2003).

١_١ گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە وەک بەڵگەیەکی مەیدانی کار دەکات بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییە سۆسیۆ تەکنیکییەکان لەسەر فێرخوازان. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تێڕوانین و زانیاری نوێ دەداتە دەست، سەبارەت بەوەی چۆن بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەتوانێت فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم باشتر بکات. توێژینەوەکە هەموکارامەییەکانی زمانیی 'خوێندنەوە، نوسین، قسەکردن و گوێگرتن' دەگرێتەوە.

هەروەها گرنگی لەوەدایە، کە چۆن دەتواندرێت تەکنەلۆژیا بەشێوەی پلاندانداراو و هاوسەنگ بەکاربهێندرێت. ئەنجامەکان دەتوانن یارمەتیدەربن بۆ مامۆستایان، بەرێوەبەری سەنتەرەکان و دامەزرێنەرانی خولی ئیمپریال بۆ گۆڕانکاری لە شێوازە نوێیەکانی فێرکردن و دامەزراندنی بەرنامە فێرکارییە نوێیەکان.

١-٢ ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە:

- تێگەڵکردنی تەکنەلۆژیا تا چ ئاستێک دەتوانێت دەرئەنجامە زمانییەکان، لای فێرخوازان لە فێربوونی زماندا باشتر بکات.
- هەروەها دۆزینەوەی تێڕوانین و هەڵسوکەوتی فێرخوازان سەبارەت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی.
- لێکۆڵینەوە لەوەی تەکنەلۆژیا چۆن دەتوانێت فێربوونی سەربەخۆ و بەشداری چالاک لەوانەدا بەرەپێشتر ببات.

١-٣ سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی بواری زمانەوانی کارەکیدا جێگەی دەبێتەوە و 'ڕێبازی وەسفی شیکاریی ئاماریی' بەکارهاتوە، کە بەشێوازی ڕاپرسی ئەنجام دراوە لەڕێگەی Google Forms، کە تیایدا ١٧٥ فێرخواز لە خولی "ئیمپریال" لە چەند سەنتەرێکی زمانی جیاوازدا لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ بەشداریون لە تەمەنی جیاواز، هەروەها لەڕێگەی بەرنامەی 'Excel و GraphPad Prism10.4.2 بەشێوەی ڕێژەیی شیکردنەوە بۆ داتاکان کراوە.

١-٤ پرسیاری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیارێکی سەرەکی کردۆتە بنەما، لەوانە:

- تێڕوانینی فێرخوازانی خولی ئیمپریال سەبارەت بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی زمان چییە؟
- ئاستەنگە سەرەکییەکان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە سەنتەرە زمانییەکان چین؟
- ئایا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا متمانەی فێرخوازان بەتوانای زمانی زیادەکات؟
- ئایا تەکنەلۆژیا تا چەند ڕۆڵی هەیە لە فێربوونی سەربەخۆدا؟
- بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان تا چەند هانی فێرخوازان دەدات بۆ فێربوونی سەربەخۆ لە دەرەوەی ژینگەی پۆل؟
- تا چ ئاستێک فێرخوازان مۆدێلی فێربوونی تێکەڵاو بە کاراتر دەبینن لە چاو مۆدێلی تەقلیدی؟

٢- کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر فێربوونی زمان:

٢-١ فێربوونی زمان:

زمان یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ، کە لە ڕێگەیەوە بیر، هەست، زانست و کەلتوری پێ دەگوازرێتەوە، کە تەنها ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی عەقڵی و ناسنامەی مرۆڤیشە. یەکێکە لە توخمە گرنگەکان، کە کاریگەریی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان دادەنێت. "فێربون پرۆسەیەکی عەقڵی زۆر ئاڵۆز و هەمەلایەنەیە و ژمارەیەکی زۆر پرۆسە و چالاکی و توانستی تر لەخۆدەگرێت، کە بە وەرگرتن و هەستپێکردنی وروژێنەرەکان لەلایەن هەستەوەرەکان دەست پێدەکات و دواتر بە مێشک و عەمبارکردن و لێکدانەوە و درک پێکردن و وەڵامدانەوە لەڕێگەی ماسولکە و گلاندەکان کۆتایی دێت" (قەرەچەتانی، ٢٠٠٨، ١٨)، هەروەها فێربون "ئەو کردارەیە بەهۆی ئەوەوە ڕەفتاری مرۆڤ بۆ بابەتەکان دەگۆڕێت، کە لە ئەنجامی وەرگرتنی شارەزایی و زانیارییەکان و دوبارە کردنەوەیان ڕوودەدات" (جەباری، ٢٠١٦، ٧٨). فێربونی زمان، بە تایبەتی زمانی دووەم چالاکییەکی ئاڵۆز و درێژخایەنە پێویستی بە تیۆر، ستراتیژی و ژینگەی گونجاو هەیە. یەکێک لە توخمە گرنگەکانی فێربون ئەو ڕێگەیەیە، مامۆستایان بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی فێربونی زمان لە پۆلەکانیاندا بەکاریدەهێنن، هەر بۆیە فێربون لەژیاندا پرۆسەیەکی بنەڕەتی گەورەیە، "پرۆسەیەکی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

خودی ناوەکییە و دەگوازرێتەوە بۆ ئاخاوتن و ئاکار، کاتێک لە فێرخوازدا ڕوودەدات، کە دەیەوێت خۆی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵ و جیهانی دەرەوەدا بگونجێنێت، بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی لێهاتویی و شارەزایی و نوێکاری لە کردەی دوای فێربونیدا ڕوبدات" (کریم، ٢٠٢٣، ٧٠). تەکنەلۆژیای مۆدێرن ڕۆڵێکی گرنگی لە فێربوندا هەیە، چونکە وەرگرتن و تێگەیشتنی زانیاری ئاسانتر و خێراتر دەکات. هەروەها بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان سەرنج و بەشداری فێرخوازان زیاد دەکات و فێربونی سەربەخۆ ئاسان دەکات.

٢-٢ فێربونی زمانی دووەم:

ئاماژەیە بۆ پرۆسەی فێربونی زمانێک دوای وەرگرتنی زمانی یەکەمی مرۆڤ. بە پێچەوانەی فێربونی زمانی یەکەم، زۆرجار لە شوێنە فەرمیەکانی وەک قوتابخانەکان یان لەڕێگەی تێکەڵاوبون لە کۆمەڵگەیەکدا ڕوودەدات. ئەم پرۆسەیە تەنها زیادکردنی زمانێکی نوێ نییە بۆ خەزێنەی زمانیی تاک، بەڵکو گۆڕانکارییە لە شێوازی کارلێکی مەعریفی و کۆمەڵایەتی فێرخوازدا.

فێربونی زمانی دووەم (L2) دەرفەتێکی بەنرخ بۆ فراوانکردنی ئاسۆی کەلتوری و کۆمەڵایەتی تاک دەڕەخسێنێت. شارەزابون لە زمانێکی نوێ دەتوانێت توانای مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن لە سنورە کەلتوریەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بکاتەوە، ئەمەش تێگەیشتن و کارلێکی زیاتر پەروەردە دەکات. لە سەردەمی نوێدا، 'زمانی ئینگلیزی بوە بە زمانێکی جیهانی لە زانست، بازرگانی، تەکنەلۆژیا و خوێندن. بۆیە فێربونی بۆ فێرخوازان بە پێویستییەکی گرنگ دادەندرێت. لە هەمان کاتدا، پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا گۆڕانکارییەکی بنچینەیی هێناوەتە ناو فێربونی زمان، کە شێوازی کلاسیکی فێرکردن گۆڕدراوە بۆ ژینگەیەکی دیجیتاڵ و چالاک. یەکێک لە دەرفەتە سەرەکییەکانی فێربونی کاریگەرانەی زمانی دووەم بەرکەوتنە بە زانیاریی تێگەیشتوەکان'(Krashen, 1982). پێشکەشکردنی ئەم جۆرە زانیاریانە ڕێگە بە فێرخوازان دەدات، کە پێکهاتەی زمانیی نوێ بە مانای زمانی خۆیان بزانن، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ ناوەکیکردن و مانەوەی درێژخایەن. فێرخوازان دەتوانن وردە وردە تواناکانی زمانیان بەرز بکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لێهاتویی زیاتر.

٢-٣ تیۆرەکانی فێربونی زمانی دووەم:

(L2) بواریکی ئاڵۆزە، کە چەندین تیۆری دیار و بەرچاوی تیادایە، کە چۆنیەتی فێربونی زمانەکان ڕون دەکەنەوە. لێرەدا چەند تیۆرێک دەخەینەڕو، لەگەڵ ڕونکردنەوەی تیۆرەکان:

٢-٣-١ ژان پیاجێت و تیۆری گەشەپێدانی مەعریفی (1950):

تیۆری پیاجێت، زیاتر سەرنجی لەسەر گەشەکردنی مەعریفی بو نەک زمان، بەشداریەکی بەرچاوی لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی زمان لەلایەن منداڵانەوە هەبو. پێی وابو بەدەستهێنانی زمان بەشێکە لە گەشەسەندنی مەعریفی فراوانتر، کە توانای منداڵان بۆ تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەریان لەڕێگەی خۆگونجاندنەوە کاریگەری لەسەر توانای تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمانیان هەیە. لە ساڵی ١٩٥٩، 'ج. پیاجێت' بونیادگەرایی مەعریفی پەرەپێدا، کە تیۆرێکی فێربونە و پرۆسەی فێرکردن بەسەر ڕەفتاردا دەخات. بەپێی بۆچونی پیاجێت، گەشەکردنی مەعریفی و زمان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەجۆرێک کە چەمکی "هۆکارێتیی هۆشی" (cognitive determinism) ئاماژە بەوە دەکات گەشەی هۆشی کۆنترۆڵی ڕیزبەندی قۆناغەکانی فێربونی زمان دەکات (Shcherbukha and Vovk, 2025, 316).

٢-٣-٢ چۆمسکی و ڕێزمانی گشتگیر (شەستەکان):

چۆمسکی، چەمکی ڕێزمانی گشتگیری ناساند، کە گریمانەی ئەوە دەکات هەمو مرۆڤەکان بە توانایەکی زگماکی فێربونی زمان لەدایک دەبن، واتە هەمو مرۆڤەکان ئامرازێکی مەعریفیی زگماکی دیاریکراویان هەیە، کە پێی دەوترێت ئامێری وەرگرتنی زمان، میکانیزمێک کە گەشەسەندنی زمان لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا دەستپێدەکات و دواتر کۆنترۆڵ و ڕێنمایی دەکات. ئەو پێشنیاری کرد، منداڵی مرۆڤ پێشوەختە بە کۆمەڵێک پێکهاتەی ڕێزمانی تەیار کراوە، کە بنەمای هەمو زمانەکانن و وەرگرتنی زمانی دووەم پرۆسەیەکە بۆ نەخشەکێشانی زمانی ئامانج بۆ ئەم سیستەمە(Shcherbukha and Vovk, 2025, 315).

٢-٣-٣ ڤیگۆتسکی و تیۆری کەلتوری کۆمەڵایەتی (١٩٧٨):

تیۆری کەلتوری کۆمەڵایەتی ڤیگۆتسکی (١٩٧٨) جەختی لە گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی و چوارچێوەی کەلتوری لە فێربونی زماندا کردوەتەوە. بەگوێرەی ڤیگۆتسکی، فێرخوازان زمانێک وەردەگرن لەڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تری شارەزاتر (بۆ نمونە، مامۆستایان، هاوتەمەنەکانیان) لە ژینگەیەکی گەشەکردنی نزیک. ئەم ژینگەیە ئاماژەیە بۆ ئەو ئەرکانەی، کە فێرخوازان دەتوانن بە ڕێنمایی ئەنجامی بدەن، بەڵام هێشتا ناتوانن بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەنجامی بدەن. کارەکانی ڤیگۆتسکی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە فێربونی زمان تەنیا پرۆسەیەکی مەعریفی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیشە و کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی تردا ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەدەستهێنانی زماندا دەگێڕێت(Vygotsky, 1978, 24-28).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٢-٣-٤ کراشن و تیۆری داتای وەرگیراو (هاتنەژورەوە) (١٩٨٢):

تیۆرەکانی کراشن (١٩٨٢) کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر (L2) هەیە. گریمانەی زانیارییەکانی 'کراشن' پێشنیاری ئەوە دەکات، کە فێرخوازان بە کاریگەرترین شێوە زمانی دووەم وەردەگرن کاتێک بەرکەوتەی زانیاری تێگەیشتو دەبن، کە کەمێک لە سەروی ئاستی لێهاتویی ئێستایانەوە بێت (کە بە "i+1" ناسراوە)، واتە بەستنەوەی بە واتاوە. هەروەها کراشن جەختی لە گرنگی فلتەری سۆزداری لە فێربونی زماندا کردەوە، پێشنیاری کرد کە فێرخوازان دەبێت لەڕوی سۆزداری و دەرونییەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری زمان کراوەبن، بۆئەوەی کاریگەر بێت. لەم تیۆرەدا 'کراشن' ڕۆڵی فێرکاری ڕێزمانی ڕون کەم دەکاتەوە و لەبری ئەوە سەرنجی دەخاتە سەر بەرکەوتنی زمانی سروشتی، واتە ئەگەر هاتو هاتنەژورەوەکە ڕون بو، فێرخواز یاساوڕێسا ڕێزمانییەکان بەلاوەکی فێردەبێت و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە دەوروبەر دەبێت.

٢-٣-٥ میرل سوین و تیۆری دەرکردە (١٩٨٥):

تیۆری دەرکردە بۆ (L2) گرنگە، ڕێگایەکە بۆ ڕاهێنان و زانیاریی پێشوتر نەوەک داهێنان، واتە دەرکردە لەلایەن فێرخوازەوە بریتییە لە لاساییکردنەوە بەڕێگەی ڕاهێنان و دوبارەکردنەوە بەمەبەستی پاڵنانی بەرهەمەکانیان بۆ تێگەیشتن، چونکە دەرکردە وا لە فێرخواز دەکات پرۆسەی واتای ستراتیژی بگوازێتەوە بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی پرۆسەی سینتاکسی تەواو، تاوەکو دەستکەوتەکەی چر و وردتر بێت (کریم، ٢٠٢٣).

٢-٣-٦ میشێل لۆنگ و تیۆری کارلێککردن (١٩٩٩):

ئەم تیۆرە لەلایەن 'میشێل لۆنگ' پێشنیار کراوە، کە بە پرۆسەیەکی گرنگ لە (L2)دادەندرێت، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە فێربونی زمان بەشێوەیەکی کاریگەرتر کاتێک ڕوودەدات، کە فێرخوازان بە زمانی ئامانج کارلێک بکەن. تیۆرەکە "هەوڵدەدات بۆ گەشەسەندنی فێربونی زمان و بەهێزکردنی کارلێککردن، ئەویش بە گرتنەبەری ڕێگەی بەرانبەری و گەیاندن دەبێت" (کریم، ٢٠٢٣، ٢٣). هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە، فێرخوازان لەڕێگەی پەیوەندییەوە تێنەگەیشتنەکان ڕوندەکەنەوە و بەکارهێنانی زمانەکەیان بە پشتبەستن بە ئاماژە گفتوگۆییەکان ڕێکدەخەن. بەو واتایەی زمان بە باشترین شێوە لەڕێگەی کارلێکی مانادارەوە بەدەست دەهێندرێت، و فێرخوازان ناچار دەکرێن زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا بەکاربهێنن.

جگە لەم تیۆرانەی خرانەڕو چەندین تیۆری‌تر لەسەر چۆنیەتی (L2) هەیە، کە هەریەکەیان جەخت لەسەر توخمە جیاوازەکانی پرۆسەکە دەکەنەوە. هەرچەندە ئەو تیۆرانەی خرانەڕو لە ڕێبازدا جیاوازن، بەڵام هەمویان لە تێگەیشتنێکی قوڵتر لە فێربونی زماندا بەشدارن، کە بەهەمان شێوە ستراتیژی جۆراوجۆر پێشکەش بە فێرخوازان دەکەن.

٢-٤ تەکنەلۆژیا:

لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەکاندا، چەمکی 'تەکنەلۆژیای نوێ' سەریهەڵدا، کە تیایدا سەرنجی خستە سەر تەکنیکەکانی پەیوەندیکردن بۆ فێرکردن و فێربونی زمان، کە تیایدا کۆمپیوتەری کەسی ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبو، ئەمڕۆ حەزکردن بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مالتیمیدیا و جۆرە جیاوازەکانی فێربونی ئۆنلاین، وەک ئامرازێک بۆ پشتگیریکردنی فێربونی زمان بەربڵاوە. هەمو میدیا تەکنەلۆژییەکان سودی تایبەتیان لە بەرانبەر چوار کارامەیی زماندا 'نوسین، خوێندنەوە، گوێگرتن و قسەکردن' هەیە. لێرەوە فێرخوازان و مامۆستایان دەبێت خۆیان بە ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بۆ بەدەستهێنانی لێهاتویی زمانەوانی پێویست لە زمانی ئینگلیزیدا ئاشنا بکەن. بەم شێوەیە، تێکەڵکردنی ڕۆڵی مامۆستایان لەگەڵ تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆی ئەنجامی فێربونی پێشکەوتوتر و ئامانجدارتر لەنێوان فێرخوازاندا (Shehab, 2022, p.475). هەروەها ئامرازێکی کاریگەرە بۆ فێرخوازان، کە دەبێت تەکنەلۆژیا وەک بەشێکی بەرچاو لە پرۆسەی فێربونیان بەکاربهێنن. مامۆستایان پێویستە مۆدێلی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ پشتگیریکردنی پرۆگرامەکە مۆدێل بکەن، بۆئەوەی فێرخوازان بتوانن بەکارهێنانی ڕاستەقینەی تەکنەلۆژیا لە فێربونی تواناکانی زمانیان زیاد بکەن (Ahmadi, 2018). پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤدا هێنایتە ئاراوە، لەوانەش پەروەردە. بەتایبەتی فێربونی زمانی ئینگلیزی گۆڕانکارییەکی زۆری بە یەکخستنی ئامرازە دیجیتاڵییەکان، پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان و زیرەکی دەستکرد بەخۆیەوە بینیوە، سەردەمی دیجیتاڵی دەستڕاگەیشتنێکی بێ وێنەی بە سەرچاوەکان بۆ فێرخوازان و پەروەردەکاران دابینکردوە، 'بەم پێیە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی دەتوانن تەکنەلۆژیا بەکاربهێنن بۆ دارشتنی ئەرک و ڕێنماییەکان بۆ پەرەپێدانی کارلێکە ئەرێنییە بەردەوامەکان، ئەمەش ئارەزو و پاڵنەرەکانی فێرخوازان بەرز دەکاتەوە. وانەوتنەوە لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە تەنها لە پۆلدا سنوردار نییە، چونکە تەکنەلۆژیاکانی وەک 'Microsoft Teams و Moodle، Google Classroom' گەرەنتی کات و مەودای زۆر دەدەن بۆ فێرخوازان بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی کۆرسەکە' (Alsulami, 2016, p.2) ، ئەمەش ئەزمونی فێرکاری کارلێککارانەتر و سەرنجڕاکێشتر دەکات. بڵاوبونەوەی بەرنامەکانی مۆبایل و پلاتفۆرمی فێربونی ئەلیکترۆنی، وایکردوە فێربون ئاسانتر بەدەستبێت. بە سەرنجدان بەم

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

پێشهاتانە، شیکاری ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە بەرزکردنەوەی ئەنجامەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا زۆر گرنگە سەرەڕای تێکەڵبوونی خێرای تەکنەلۆژیا لە پەروەردەی زماندا، ئاستەنگەکان لە کاریگەری و جێبەجێکردنیدا ماونەتەوە. نایەکسانی لە خوێندەواری دیجیتاڵی لەنێوان فێرخوازان، دەستڕاگەیشتنێکی سنوردار بە سەرچاوە تەکنەلۆژییەکان، و نیگەرانییەکان سەبارەت بە سەربەخۆیی فێرخوازان بەربەستی بەرچاو دەخەنەڕوو (Amir and Rustam, 2025, p.2). هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بوەتە بەشێکی گرنگی پرۆسەی فێربون لەناو پۆل و دەرەوەی پۆلدا. هەمو پۆلێکی زمان بەزۆری جۆرێک لە تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنێت. تەکنەلۆژیا هەم بۆ یارمەتیدان و هەم بۆ باشترکردنی فێربونی زمان بەکارهێندراوە. ڕێگە بە مامۆستایان دەدات کە چالاکییەکانی پۆل بگونجێنن، بەمەش پرۆسەی فێربونی زمان بەرز دەکاتەوە. تەکنەلۆژیا بەردەوامە لە گەشەکردن لە گرنگیدا وەک ئامرازێک لە یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ ئاسانکاری فێربونی زمان بۆ فێرخوازەکانیان.

٢-٤-١ تێڕوانینێکی مێژوویی بۆ تەکنەلۆژیا لە فێربونی زماندا:

لەکۆتایی شەستەکاندا فێربونی زمان بە یارمەتی کۆمپیوتەر لە سەرانسەری جیهاندا، وەک ڕێبازێکی کاریگەر بۆ فێرکردن و فێربونی زمان ناسێندرا. یەکەم سیستەمی فێربونی زمان بە یارمەتی کۆمپیوتەر بەناوی (PLATO)، دوای ماوەیەکی کەم لە بەردەستبونی یەکەم کۆمپیوتەرەکانی زانکۆ سەریهەڵدا. لە کۆتایی نەوەدەکاندا، ئینتەرنێت لە زۆربەی زانکۆکان و قوتابخانەکانی زمان لە سەرانسەری جیهاندا دامەزرا، ئەمەش بوە هۆی پەرەپێدانی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان، لاپەڕەی وێب و ماڵپەڕەکان بۆ فێربونی زمان (Budiman, 2020) لە کۆتایی نەوەدەکاندا زاراوەی "تەکنەلۆژیا لە فێربونی زماندا" بەکارهات بۆئەوەی هەمو ئامرازەکانی دەرەوەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بگرێتەوە. لەو کاتەوە ئامرازە تەکنەلۆژییەکان لە چوارچێوەی پەروەردەی زمانی بیانی، توێژینەوەی پەروەردەیی زمانەوانی و کەلتوری جیاواز، لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە (Annet, 2024, p.27).

٢-٤-٢ تەکنەلۆژیا لە فێربونی زماندا:

تەکنەلۆژیا ئەمڕۆ بۆتە بەشێکی بەرچاو لە بونی مرۆڤ و پراکتیزە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان، ئاسانکاری بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و زمانەوانی دەکات. ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە گەشەپێدانی مرۆڤدا دەگێڕێت. زۆرێک لە تاکەکان بەکارهێنەری لانیکەم یەکێک لە ئامراز و سەرچاوە تەکنەلۆژییە گەورەکانن، کە ڕەنگە یارمەتیدەربن لە فێرکردن و فێربونی زمان. پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا ئاڵەنگارییەکی نوێی خستوەتە بەردەم مامۆستا. لەجاران زیاتر، پەروەردەکاران پێویستە زانیاری لەسەر پراکتیک و لێهاتویی و بنەماکانی فێربونی زمان بە یارمەتی تەکنەلۆژیا بەدەست بهێنن و لەگەڵ ژینگەکانی پۆلدا بیانگونجێنن. تەکنەلۆژیا سەرهەڵدراوەکان بڕاردەی زۆر دەڕەخسێنن بۆئەوەی فێرکردن و فێربونی زمان سەرنجڕاکێشتر و بەرهەمدارتر و داهێنەرتربن، بەتایبەتی لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دوەم، ئەم ئامرازانە هەڵی مەشقکردن لەسەر کارامەییەکانی گوێگرتن، نوسین، ئاخاوتن و خوێندنەوە دەڕەخسێنن. بەم پێیە، دەبێت بەشێوەیەکی کاریگەر و بەئاسانی ئامرازە تەکنەلۆژییە جۆراوجۆرەکان بۆ بەدەستهێنانی لێهاتویی زمانیی بەکاربهێنن. بۆیە ئەرکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەوەی، چۆن تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دوەم هەیە. هەروەها سەرچاوەی بێ سنور پێشکەش بە فێرخوازانی زمان دەکات و سەرچاوەی وانەوتنەوە دابین دەکات و ئەزمونی فێربون دەهێنێتە ناو جیهانی فێرخوازانەوە. لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە، دەتواندرێت زۆر کەرەستەی ڕەسەن بۆ فێرخوازان دابین بکرێت و هان بدرێن لە فێربونی زماندا.

تەکنەلۆژیا دەرفەتی فێربونی کوالێتی بەرز بۆ فێرخوازانی زمان دەڕەخسێنێت، ڕێگەیان پێدەدات فێربونیان لە ناو پۆل و دەرەوەی پۆلدا بەردەوام بێت و پشتگیریکردنی توێژینەوەکان کاریگەری ئەرێنی تەکنەلۆژیا لەسەر فێربونی زمان نیشان دەدات، ئاسانکاری بۆ هاوکاریکردن و دابینکردنی سەرچاوەی ئۆنلاین دەکات (Liu et al., 2023). سەرهەڵدانی ژینگە نوێیەکانی فێرکاری، کە لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیا دامەزراوە، بەربەستەکانی کات تێدەپەڕێنێت. هەمو ئەم گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییانە پێویستیان بە دەستکاریکردنی ڕۆڵی مامۆستا و فێرخواز و پرۆگرام هەیە. فێرخوازان چیتر تەنها وەرگری پاسیڤ نین، بەڵکو بریکاری گۆڕانکارین، کە توانای دروستکردن و ئەنجامدانی پرۆژەیان هەیە. مامۆستایان لە گواستنەوەی سادەی زانیارییەوە دەچنە سەر ڕێبەر و ئاسانکار. هەمو ئەم دۆخە وادەکات، کە تەکنەلۆژیا وەک بەشێک لە پرۆگرامی ڕاهێنان لە هەمو ئاستەکاندا جێگیر بکرێت. پێویستە تەکنەلۆژیای نوێ لە ئاستە بەرزەکاندا بخرێتە ناو پۆلەوە. ئەمەش نەک تەنها بەکارهێنانی نەرمەکاڵا و ئامێرەکان، بەڵکو پێویستی بە ڕاهێنانی گونجاو هەیە، بۆئەوەی بتواندرێت بە سەرکەوتویی ئەنجام بدرێت، چونکە دەرفەتی گەورە بۆ بەکارهێنان لە پەروەردەدا دەڕەخسێنن، بەڵام پەرەپێدانی بەندە بە دیدگای ئایندەیی و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە بواره جیاوازەکانی پەروەردەدا (Pinargote et al., 2024, p.1622).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٢-٤-٣ جۆرەکانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان لە فێربوونی زماندا:

بە پشتبەستن بە جۆرەکانی تەکنەلۆژیای بەکارهێنراو لە فێربوونی زماندا، دەتواندرێت تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی لە پراکتیکدا بە پۆلێنکردنی بەرفراوان بەم شێوەیە دیاری بکرێت. دو پۆلی بنەڕەتی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا هەیە: 'ئامرازە ڕەقەکاڵا و نەرمەکاڵاکان'. ئامرازە ڕەقەکاڵاکان دەتواندرێت بەسەر دو جۆردا دابەش بکرێت: تەکنەلۆژیای ڕەقەکاڵای دەنگ و تەکنەلۆژیای بینراو. تەکنەلۆژیای ڕەقەکاڵای دەنگ تۆمارەکانی وەک؛ تۆمارکەری کاسێت و ڤیدیۆ لەخۆدەگرێت بۆ یارمەتیدانی فێرخوازان و باشترکردنی قسەکردن و گوێگرتنیان. تۆمارکەری شریت ڕێگە بە فێرخوازان دەدات دەنگەکانیان بەشێوەیەکی دوبارەبووەوە تۆمار بکەن، ئەمەش وایان لێدەکات دەنگەکانیان باشتر بکەن و هەڵەکانیان دەستنیشان بکەن. ڤیدیۆکان، بە تێکەڵکردنی هاوسەنگی دەنگ و وێنەکانیان، دەتوانن دیمەنی خەیاڵی ژیانی ڕاستەقینە دروست بکەن بۆ بەرزکردنەوەی فێربوونی زمان، بەڵام لە تەکنەلۆژیای نوێدا "Smartphones"یان Digital Voice Recorders وەک جێگرەوەی کاسێت و شریت بەکاردێن، هەروەها چەندین پلاتفۆرمی ڤیدیۆیی بەردەستن کە لە ڕێگەی Smart board لە پۆلدا پەخش دەکرێت و ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ یەکخستنی ئەم تەکنەلۆژیا میدیاییانە (Zhang and Zou, 2022)، 'تەکنەلۆژیای بینراو' بریتییە لە پرۆژەی سەرەوە و پرۆژەی مالتیمیدیا. پرۆژەکانی سەرەوە بە یەکجار یارمەتیدەرە بینراوەکانی وەک وێنە، نەخشە و هێڵکاری پێشکەش بە فێرخوازان دەکەن، بەم شێوەیە کات پاشەکەوت دەکات و کارایی باشتر دەکات. ئەم ئامێرانە تێگەیشتنی فێرخوازان بەرز دەکەنەوە بە هاوکاری و بەهێزکردنی گوێگرتن و قسەکردنیان. بەکارهێنانی وێنە وەک ڕێگەیەکی باش بۆ زاڵبون بەسەر تێنەگەیشتنەکاندا ناسراوە. پرۆژەی مالتیمیدیا دەتوانێت وێنەی وەستاو، وێنەی جوڵاو، کارتۆن، گراف و خشتەکان پرۆژە بکات. لە پرۆژەی سەرەوە باشترە، چونکە شاشەکەی گەورەتر و ڕوناکترە. ئامرازە نەرمەکاڵاکان دەتواندرێت بۆ پێنج جۆر پۆلبەند بکرێن: فێرکاری بە یارمەتی کۆمپیوتەر، فێربوونی زمان بە یارمەتی کۆمپیوتەر، فێربوونی زمانی زیرەک بە یارمەتی کۆمپیوتەر، فێربوونی زمان لەسەر بنەمای وێب و فێربوونی زمان بە یارمەتی مۆبایل. فێرکاری بە یارمەتی کۆمپیوتەر ئەو بەرنامانە دەگرێتەوە، کە شتەکان پێشکەش بە فێرخوازان دەکەن یان کارامەییان پێدەبەخشن. لە فێربوونی زمان بە یارمەتی کۆمپیوتەر، هەمو شتێک لە لاپەڕەی کارەوە تا یارییەکان، ڕاهێنانی گوێگرتن و نوسین و مەشقی گفتوگۆکردن لەخۆدەگرێت. فێربوونی زمانی زیرەک بە یارمەتی کۆمپیوتەر ئەو بەرنامانە پێشکەش دەکات، کە وێنەی فێرخوازان لە دۆخی تێگەیشتن و زانین دەردەهێنن و هەڵیدەگرن. فێربوونی زمان لەسەر بنەمای وێب پەیوەندی بە هەمو تەکنەلۆژیا و بەرنامەکانی ئینتەرنێتەوە هەیە. فێربوونی زمان بە هاوکاری تەکنەلۆژیای مۆبایل پێناسە دەکرێت (Tosheva and Kodirova, 2021).

٢-٤-٤ کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر فێربوونی زمانی دووەم:

تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا لە (L2)دا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە چۆنیەتی بەدەستهێنان و فێربوونی زمان لەلای فێرخوازان هێناوەتە ئاراوە. لە سەرهەڵدانی ئامرازەکانی فێربوونی زمان بە یارمەتی کۆمپیوتەر تا بەکارهێنانی ئەپەکانی مۆبایل، پلاتفۆرمی ئۆنلاین و زیرەکی دەستکرد، تەکنەلۆژیا دەرفەت و شێوازی نوێی ناساندوە، کە ئەزمونی فێربوونی زمان بەرزدەکاتەوە. 'تەکنەلۆژیا پێویستە بۆ باشترکردنی توانای زمانی فێرخوازان لە ناوەوە و دەرەوەی ژینگەی پەروەردەیی. ئەو ماموستایانەی وانە ئینگلیزی وەک زمانی دووەم دەڵێنەوە، پێویستی فێرخوازان دەناسن، کە زمانی ئینگلیزی لە دەرەوەی پۆل بەکاربهێنن بۆئەوەی توانای پەیوەندیکردن باشتر بکەن' (Chapelle, 2003). کاریگەری تەکنەلۆژیا دەتواندرێت لەڕێگەی توانای دابینکردنی دەستراگەیشتنێکی زیاتر بە سەرچاوەکانی زمان، پێشخستنی ژینگەی فێربوونی کارلێککارانە، و پشتگیریکردنی ئەزمونەکانی فێربوونی تاکەکەسی تێبگەین. یەکێک لە دیارترین کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر فێربوونی زمانی دووەم، دەستراگەیشتنێکی ئاسانە بە ماددە ڕەسەنەکان. تەکنەلۆژیا ڕێگە بە فێرخوازان دەدات دەستیان بە کۆمەڵێک سەرچاوەی بەرفراوان لە ڤیدیۆ، پۆدکاست، بابەت، بلۆگ و ناوەرۆکی سۆشیال میدیا، کە ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی زمانی جیهانی ڕاستەقینەن بگات. پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکانی وەک یوتیوب، ماڵپەڕە هەواڵییەکان و مەکۆ تایبەتەکانی زمان فێرخوازان بەرەوڕوی تۆمارە جۆراوجۆرەکانی زمان، نواندە کەلتوریەکان و دەربڕینی ئاخاوتن دەکەنەوە، کە زۆرجار لە کتێبە دەرسییە تەقلیدییەکاندا نادۆزرێتەوە. ئەم بەرکەوتنە بە کەرەستەی زمانی ڕەسەن یارمەتی فێرخوازان دەدات باشتر تێبگەن، کە چۆن زمانەکە لە چوارچێوەی ڕۆژانەدا بەکاردەهێندرێت، ئەمەش توانای تێگەیشتن و پەیوەندیکردنیان بەرز دەکاتەوە (Thorne, 2003, p.41).

٢-٤-٥ سودەکانی تەکنەلۆژیا لە فێربوونی زمانی دووەم:

'زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە، کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بەدەستهێنانی زماندا دەتوانێت ببێتە هۆی ئەنجامی فێربوونی باشتر و نمرەی باشتر لە تاقیکردنەوەکانی توانای زماندا، سەرەڕای ئەوەش، تەکنەلۆژیا دەتوانێت فێربوونی کارامەییەکانی زمانی تایبەت، وەک نوسین، لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی نوسینی هاوبەش و چیرۆکگێڕانی ئۆنلاین لەسەر بنەمای وێب، کە دەتوانێت توانای هاندانی پاڵنەر و داهێنەری فێرخوازانی هەبێت. هەروەها تەکنەلۆژیا ئاسانکاری بۆ هەڵسەنگاندنی دەستبەجێ و دابینکردنی فیدباک

دەکات، بۆئەوەی فێرخوازان بتوانن پێشکەوتنەکانیان بپشکنن و بوارەکانی باشترکردن دیاری بکەن. سەرەڕای ئەوە، فێربوونی زمان بە تەکنەلۆژیا یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی خوێندەواری دیجیتاڵی، کە لەم ڕۆژانەدا گرنگییان بەدەستهێناوە و پاڵنەرە گشتییەکانیان بۆ فێربوونی زمانێک بەرز دەکەنەوە. سەبارەت بە مامۆستا، دەتوانێت بەرهەمهێنانیان بەرز بکاتەوە، چونکە بەشێک لە بارەی کارەکە دەگرێتە ئەستۆ، وەک نمرەدانان و فیدباک، و ئازادیان دەکات بۆئەوەی زیاتر سەرنجیان لەسەر ئاسانکاری فێربوونی بنەمادار بە کێشە و دروستکردنی ئەزمونی فێربوونی سەرنجڕاکێش بێت. توێژینەوە ئەزمونییەکان بەردەوام کاریگەری سودبەخشی تەکنەلۆژیا لەسەر دەرئەنجامەکانی فێربوونی زمان و هەڵوێستی فێرخوازان دەسەلمێنن' (Othman, 2025, p.82). هەروەها پلاتفۆرمی فێربوونی زمان لەگەڵ کارلێککردن، توانای ئەوەیان هەیە فێربوونی زمان زیاتر سەرنجڕاکێش و چێژ بەخشتر بکەن، و یارمەتی پێشخستنی سەربەخۆیی فێرخواز و پشتبەستن بە خۆ دەدەن.

٢-٤-٥-١ فێربوونی تاکەکەسی و پێشکەوتنی خۆبەخۆ:

یەکێک لە گەورەترین سودەکانی تەکنەلۆژیا لە فێربوونی زماندا، فێربوونی تاکەکەسی و خۆبەخۆیە. تەکنەلۆژیا ڕێگە بە مامۆستایان دەدات پلانی وانەی کەسی دروست بکەن و فیدباک بە فێرخوازان بدەن، بەپێی پێویستی و شێوازی فێربونیان. ئامێرەکانی پەیوەندی وەک مەکۆی گفتوگۆی ئۆنلاین، ئامرازەکانی ڤیدیۆ کۆنفرانس و گروپەکانی سۆشیال میدیا ڕەنگە وەک سەکۆیەک بن بۆ هاندانی کارلێک و هاوکاری نێوان فێرخوازان، و دەرفەتێکیان بۆ دابین بکەن بۆ بەکارهێنانی لە ژیانی ڕاستەقینەدا، ئەو کارامەییانەی زمان، کە بەدرێژایی خولەکە بەدەستیان هێناوە، ئەم جۆرە گرنگیدانەی تاکەکەسی دەتوانێت یارمەتی فێرخوازان بدات زۆرترین سود لە ئەزمونەکە وەربگرن و سەرکەوتوتر بن (Othman, 2025, p.82).

جێگەی ئاماژەیە تەکنەلۆژیا چەندین سودیتری هەیە، کە دەتوانێت ئاسانکاری بۆ فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی بکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ توخمە سەرەکییەکانی زمان، کە فێرخوازان پێویستە پەرەیان پێبدەن، لێرەدا چەند سودێک دەخەینەڕوو؛ "بەرزکردنەوەی تواناکانی زمان لەوانەش تواناکانی 'گوێگرتن، خوێندنەوە، قسەکردن و نوسین'، تەکنەلۆژیا ئاستی ئارەزو و پاڵنەرەکانی فێرخوازان بەرز دەکاتەوە و تواناکانی پەیوەندیکردنیان بەرەوپێش دەبات، کارلێکەکانی مامۆستا و فێرخواز بەرەوپێش دەبات، تێگەیشتنی فێرخوازان لە کەلتوری ڕەسەن بەرز دەکاتەوە، هەروەها فێربونی ئۆنلاین و کاریگەری و کوالێتی وانەوتنەوە باشتر دەکات" (Shehab, 2022, p. 476-478).

٢-٤-٦ خولی ئیمپریال:

دامەزراوەیەکی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیە بە ستانداردی وڵاتی بەریتانیا، لە ساڵی (٢٠٠٣) دامەزراوە و بارەگا سەرەکییەکەی لە شاری بێرمینگهامە.

وەزارەتی خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە مەبەستی باشترکردنی کوالێتی خولەکانی زمانی ئینگلیزی لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکان و ڕێکخستنەوەیان پاڵپشت بە کۆبونەوەی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٤ی ئەنجومەنی وەزارەت، کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١/١٥) بەڕێوەچو گرێبەستێکی لەگەڵ (Imperial English UK) واژۆ کرد و بە فەرمانی وزاری ژمارە ٣٨/١٩ لە (٢٠٢٤/١/٢٩) ڕێنماییەکانی وەرگرتن لە خولەکە ڕاگەیەندرا.


تا ئێستا لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان 'پێنج' (Placement Test) ئەنجامدراوە و زیاتر لە سیانزە هەزار خوازیار بەشداربونە و 'شەش' خولیش بەشێوەی ئۆنلاین و ناوپۆل بە بەشداری زیاتر لە بیست هەزار فێرخواز بەڕێوەچوە. تا ئێستاش خولەکان بەردەوامە (https://gov.krd/mohe/).

٣- لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە لایەنی کارەکی توێژینەوەکەیە، تیایدا چەند پرسیارێکی گرنگ تایبەت بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەسەر فێربونی زمان لەسەر فۆرمێکی ڕاپرسی لەڕێگەی Google Forms، بەشێوەی ئۆنلاین ئاڕاستەی فێرخوازانی بەشداربوی خولی ئیمپریال لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆکان کراوە، کە '١٧٥' فێرخواز لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦) بەشداربون، دواتر پرسیارەکان لەڕێگەی بەرنامەی Excel و GraphPad Prism10.4.2' بەشێوەی ڕێژەیی شیکردنەوەی زانستیانە بۆ داتاکانیان کراوە.

لە وێنەی ژمارە (١)دا؛ کە پێنج شێوە لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە شێوەکانی 'a, b, c, d and e' کە زانیاری گشتین لە فۆرمی ڕاپرسیەکەدا، بەم شێوەیە شیکردنەوەیان بۆکراوە؛

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website



وێنەی ژمارە (١): زانیاری گشتی

لە شێوەی 'a'دا جۆری بەشداریکردنی فێرخوازان، بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی بەشداربوان بەشێوەی ئۆنلاین بەشداریان لە کۆرسەکەدا کروە بەرێژەی (73.7٪)، و لەکاتێکدا (26.3٪)ی بەشداربوان بەشێوەی ناوپۆل بەشداریان کردوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی خولەکە گەیشتە ئامادەبوانێکی زۆر بەرفراوانی شێوازی ئۆنلاین.

شێوەی 'b' بڕوانامەی ئەکادیمی، رێژەیەکی زۆری فێرخوازانی خولەکە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر بون، کە (46.9٪)ی بەشداربوانیان پێکهێنابو، دواتر بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەرێژەی (37.1٪)، بڕوانامەی دبلۆمی باڵا بەرێژەی (11.4٪)، و بڕوانامەی دکتۆرا بەرێژەی (4.6٪). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە بەشداربوەکان تا ڕادەیەکی زۆر دەرچوی ماستەریان بەکالۆریۆس بون.


شێوەی 'c' رەگەزی بەشداربوان، تاڕادەیەک هاوسەنگییەکی باش لەنێوان بەشداربوانی هەردو ڕەگەزدا هەیە. رێژەی (٥٢٪)ی بەشداربوان لە رەگەزی نێر و (٤٨٪) لە ڕەگەزی مێ بون، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە بەشداربوانی ڕاپرسییەکە نوێنەرایەتی هەردو ڕەگەز دەکەن و هیچ ناهاوسەنگییەکی سەرەکییان نییە. بەشێوەیەک ئەم هاوسەنگییە کەمکردنەوەی لایەنگری ڕەگەزیی لە ئەنجامەکاندا و دەستکەوتی وێنەیەکی گشتگیرتر دەخاتەرو.

شێوەی 'd' مەبەستی سەرەکی بەشداریکردنی فێرخوازان، بەهێزترین هۆکار و مەبەستی بەشداریکردنی فێرخوازان درێژەدان بو لە خوێندنی باڵا بەرێژەی (65.7٪)، و دواتر بەدەستهێنانی بڕوانامە بەرێژەی (32٪)، لەکاتێکدا فێرخوازان بە مەبەستی فێربونی زمان زۆر کەم بەشداربون لە خولەکە، تەنیا بەرێژەی (2.3٪). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زۆربەی بەشداربوان بە ئامانجەوە (خوێندن/بڕوانامە) بون نەک فێرخوازانی ئاسایی.

شێوەی 'e' ئاستی بەشداریکردنی فێرخوازانی خولی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە بو، زۆربەی فێرخوازان لە ئاستی ناوەند بون بەرێژەی (56.6٪)، دواتر ئاستی پێش ناوەند بەرێژەی (28٪)، ئاستی پێشکەوتو (9.7٪)، و ئاستی سەرەتایی بەرێژەی (5.7٪). بەگشتی خولەکە بەشێوەیەکی سەرەکی خزمەت بە فێرخوازانی ئاستی ناوەند دەکات، نەک فێرخوازانی ئاستەکانی تر.

لە وێنەی ژمارە (٢)دا؛ شەش شێوە لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە شێوەکانی 'a, b, c, d, e and f' زانیارین دەربارەی پێکهاتەی گشتی و هەڵسەنگاندنی پلاتفۆرمی فێرکاری و پرۆگرامی خوێندنی خولی ئینگلیزی ئۆنلاین لە کۆرسەکەدا، بەم شێوەیە شیکردنەوەیان بۆکراوە؛

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website



وێنەی ژمارە (٢): هەڵسەنگاندنی پلاتفۆرمی فێرکاری و پرۆگرامی خولی ئینگلیزی ئۆنلاین

لە شێوەی 'a'دا پێکهاتەی گشتی خولی ئینگلیزی ئۆنلاین، بەشێوەیەکی گشتی فێرخوازان تێروانینێکی ئەرێنیان دەربارەی پێکهاتەی گشتی خولەکە هەبو، زۆربەیان ڕازی بون بەرێژەی (62.3٪) یان زۆر ڕازی بون بەرێژەی (16٪)، لەکاتێکدا (14.9٪) ناڕازی بون و (6.8٪) زۆر ناڕازی بون. ڕێژەی ڕەزامەندی گشتی (٧٨،٣٪) کە کۆکەرەوەی ڕازی و زۆر ڕازیبە، باڵا دەستییەکی تەواوی هەیە بەسەر ڕێژەی ناڕەزایەتیدا.

شێوەی 'b' ماوەی کاتی وانەکان لە ڕۆژێکدا تا چەند کاریگەری هەبوە لەسەر فێربون، بەشێوەیەکی گشتی بۆ زۆربەی فێرخوازان وەک یەک کاریگەری لەسەر فێربونی زمان نەبوە، بەشێوەیەک زۆربەیان دەڵێن کاتەکانی ڕۆژانە تاڕادەیەک کاریگەری هەبوە لەسەر ئاستی فێربونیان بەرێژەی (66.9٪)، بەرێژەی (18.9٪) زۆر بە کاریگەریان زانیوە، و بەرێژەی (14.3٪)ی بەشداربوان پێیان وابوە هیچ کاریگەری نەبوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کاتی وانەکان بەگشتی بەرێژەی (٨٥،٨٪) لەلایەن فێرخوازانەوە قبوڵکراو بو، بەڵام بۆ بەشێکی بەرچاوی بەشداربوان گونجاو نەبو.

شێوەی 'c' کەرەستەکانی فێرکاری پلاتفۆرمی ئۆنلاین، کە بریتی بون لە (ڤیدیۆ، دەق، کویز) تاچەند بە کاریگەری دەزانیت، بەگشتی فێرخوازان ڕەزامەندبون لەسەرئەوەی، کە کەرەستە فێرکارییەکانی پلاتفۆرمی ئۆنلاین "تاڕادەیەک کاریگەر بون بەرێژەی (44٪) و کاریگەر بون بەرێژەی (30.3٪)، لەگەڵ ئەوەشدا کەمترین ڕێژەی بەشداربوان، کە (9.1٪) پێیان وابو زۆر کاریگەر بوە، یان کاریگەری نییە بەرێژەی (16.6٪). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە ئامرازەکانی فێربون بۆ زۆربەی بەشداربوان کاریگەری هەبوە، بەڵام شوێن هەیە بۆ باشترکردنی کاریگەری و بەکارهێنان.

شێوەی 'd' هەڵسەنگاندن بۆ ڕوکاری بەکارهێنەری پلاتفۆرمی ئۆنلاین (Imperial English UK) لەلایەن فێرخوازانی بەشداربو بەم شێوەیە بو، گەورەترین پشک بۆ هەڵسەنگاندنی "باشە" بەرێژەی (37.1٪) و تاڕادەیەک باش بەرێژەی (30.9٪) بو، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی کەمتر بۆ "نایاب" بەرێژەی (13.7٪) و ڕێژەی (18.3٪) هەڵسەنگاندنی بۆ "لاواز". بەگشتی ڕوکارەکە بۆ زۆربەی فێرخوازان قبوڵکراو بو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی تێڕوانینە نەرێنییەکان پێویستی بە باشترکردن هەیە.

شێوەی 'e' ڕەزامەندی لەخێرایی ماوەی خولەکە، زۆربەی فێرخوازانی بەشداربو خێراییەکەیان بە مامناوەند هەڵسەنگاندوە واتە تاڕادەیەک خێرا بەرێژەی (60.6٪)، لە کاتێکدا (25.7٪) هەستیان کردوە زۆر خێرا و بەرێژەی (9.7٪) خاو بوە، و لەگەڵ (4٪) زۆرخاو. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە خێراییەکە لەگەڵ زۆرێک لە فێرخوازاندا دەگونجێت، بەڵام گروپێکی دیار لەگەڵ خێراییدا کێشەیان هەبو.

شێوەی 'f' هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرام و بابەتەکانی خولەکە بۆ فێربونی زمان لەلایەن بەشداربوان بەم شێوەیە خراوەتەرو، زیاتر لە نیوەی فێرخوازان ناوەرۆکی بابەتەکانیان بە تاڕادەیەک باش هەڵسەنگاندوە بەرێژەی (51.4٪)، لە کاتێکدا ڕێژەی (21.1٪) زۆرباش

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

و ڕێژەی (27.4٪) بە لاوازیان هەڵسەنگاندوە. ئەم دابەشکارییە نیشاندەری جیاوازیی ئاستی مەعریفی و پێداویستییەکانی فێرخوازانە بەرانبەر بە ناوەرۆکی پڕۆگرامەکە.

لە وێنەی ژمارە (٣)دا؛ کە شەش شێوە لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە شێوەکانی 'a, b, c, d, e and f'، زانیارین دەربارەی هەڵسەنگاندنی بەشداریکردنی قوتابیان، مامۆستا و ژینگەی فێربون لە خولەکەدا، کە بەم شێوەیە شیکردنەوەیان بۆکراوە؛



وێنەی ژمارە (٣): هەڵسەنگاندنی بەشداریکردن، مامۆستا و ژینگەی فێربون لە خولەکەدا

شێوەی 'a' ئاستی بەشداریکردنی قوتابیان لە خولەکەدا، بەڕای بەشداربوانی خولەکە، هەڵسەنگاندنی ئاستی بەشداریکردنی فێرخوازان بەم شێوەیە خراوەتەرو، زۆربەیان بەشداریکردنیان بە تارادەیەکی باش هەڵسەنگاندوە بەڕێژەی (54.3٪)، ڕێژەی (23.4٪) وتویانە بەشداریکردنی فێرخوازان زۆربوە، ڕێژەی (20٪) وتویانە فێرخوازان زۆرکەم بەشداریان دەکرد، و ڕێژەی (2.3٪) وتویانە هیچ بەشداریان نەکردوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە بەشداریکردن لەلایەن فێرخوازان بەڕێژەیەکی بەرچاو هەبوە، بەڵام دەتواندرێت زیاتر و بەهێزتر بکرێت.

شێوەی 'b' ئاستی زانستی و زمانەوانی مامۆستایانی خولەکە، بەشێوەیەکی گشتی بەشداربوان تێروانینێکی ئەرێنیان دەربارەی توانا و ئاستی زانستی و زمانەوانی مامۆستایانی خولەکە هەبو، کە هەڵسەنگاندنەکان بەم شێوەیە خراونەتەرو، ڕێژەی (41.1٪) زۆرباش، هەڵسەنگاندنی باش بەڕێژەی (31.4٪)، و نایاب بەڕێژەی (24.6٪)، لەگەڵ کەمترین ڕێژەی هەڵسەنگاندن بۆ ڕێزبەندی لاواز کە (2.9٪) بو. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە کوالێتی و ئاستی زانستی و زمانەوانی مامۆستایان هێزێکی سەرەکی خولەکە بوە.

شێوەی 'c' ژینگە و ڕێکخستنی هۆڵەکانی خوێندن، کە تەنیا تایبەت بو بە بەشداربوانی ناوپۆل لە خولەکەدا، زۆرینەی بەشداربوان هەڵوێستێکی ئەرێنیان بەرانبەر بە ژینگەی پۆل هەبو، بەشێوەیەک زۆربەیان لە هەڵسەنگاندندا تارادەیەک بە گونجاویان زانی بەڕێژەی (53.2٪) هەروەها بەڕێژەی (32.5٪) پێیان وابو زۆر گونجاوە، لە کاتێکدا ڕێژەی (14.3٪)ی بەشداربوان بە ناگونجاویان زانی. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ڕێکخستن و ژینگەی هۆڵەکانی خوێندن بەگشتی ڕێکخراو بوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەکرێت باشتر بکرێت، تا جێگەی ڕەزامەندی تەواوی فێرخوازان بێت.


شێوەی 'd' لەکاتی خوێندنی وانەکاندا، گەڕان و بەدەستهێنانی ئامرازەکانی ناو پلاتفۆرمەکە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن فێرخوازانی بەشداربوی خولەکە تێروانینێکی ئەرێنی هەبو بەوەی، کە زۆربەیان وتویانە دەستگەیشتن بە ئامرازەکان ئاسان بوە بەڕێژەی (64.6٪) یان زۆر ئاسان بوە بەڕێژەی (14.3٪)، لەکاتێکدا ڕێژەی (16٪)ی بەشداربوان وتویانە گەڕان بەدوای ئامرازەکان سەخت و بەڕێژەی (5.1٪) زۆر سەخت بوە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە دەستگەیشتن و گەران بەدوای ئامرازەکان بەگشتی زۆرباش بوە، بەڵام کەمینەیەک توشی کێشەی دەستڕاگەیشتن بونە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

شێوەی 'e' کێشەی تەکنیکی لەکاتی خوێندن و تاقیکردنەوەکان، تارادەیەک هاوسەنگییەکی باش لەنێوان وەڵامی بەشداربوانی خولەکەدا هەبو، دەربارەی کێشە تەکنیکیەکان لەکاتی خوێندنی وانە و تاقیکردنەوەکاندا بەتایبەت (Upload/Download)ی وانەکان، بەشێوەیەکی گشتی وەڵامەکان لەیەکتر نزیکبو، بەرادەیەک بەرێژەی (50.9٪)ی فێرخوازان کێشەیان هەبو لە بەرانبەردا بەرێژەی (49.1٪)ی فێرخوازان کێشەیان نەبوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە سەقامگیری تەکنیکی و پشتگیری بەکارهێنەر بوارگەلێکی گرنگن بۆ باشترکردن و بەهێزکردنی خولەکان.

شێوەی 'f' رێژەیەکی زۆری فێرخوازان دەربارەی هەڵسوکەوتی مامۆستایانی خول لە پشتگیری و پەیوەندی و یارمەتیدانی بەشداربواندا دیدێکی زۆر ئەرێنیان هەبو، بەشێوەیەک زۆرینەی فێرخوازان پێیان وابوە مامۆستاکان لەکاتی وانەکاندا ئاسانکار و یارمەتیدەر بونە، بەرێژەی (45.1٪) باش و رێژەی (40٪) نایاب، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی کەم لە قوتابیان لایان وابوە مامۆستاکان یارمەتیدەر نەبونە، کە رێژەی (12٪) تارادەیەک باش و تەنها رێژەی (2.9٪)ی بەشداربوان پێیان وابوە خراپ بونە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ پشتگیری و یارمەتیدەری بەهێزی ڕاهێنەر بۆ زۆربەی فێرخوازان.

لە وێنەی ژمارە (٤)دا؛ کە شەش شێوە لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە شێوەکانی 'a, b, c, d, e and f' کە زانیارین دەربارەی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان و چالاکییەکان لە خولەکەدا، کە بەم شێوەیە شیکردنەوەیان بۆکراوە؛



وێنەی ژمارە (٤): هەڵسەنگاندنی فێرخوازان و چالاکییەکان

شێوەی 'a' هەست بە پالنەر دەکەیت بۆ بەردەوامیدان لە خولەکە، زۆرینەی بەشداربوان هەستکردن بە پالنەرێکی ئەرێنیان هەبو لە بەردەوامیدان بە خولەکە، بەجۆرێک نیوەی زیاتری فێرخوازان کە بەرێژەی (53.7٪) پێیان وابوە خولەکە تارادەیەک پالنەربوە بۆ بەردەوامیدان بەخولەکە و بەشداریکردن تیایدا، بەرێژەی (23.4٪)ی فێرخوازان هەستیان بە پالنەری بەهێز کردوە، و رێژەی (22.9٪) هەستیان بە هیچ پالنەرێک نەکردوە. خولەکە بۆ زۆرینەی بەشداربوان بەسود دەردەکەوێت، بەڵام نزیکەی چارەکێک هەستیان بە باشتربون نەکردوە.

شێوەی 'b' لەکاتی وانە چەندجار بەشداریت لە گفتوگۆی ئۆنلاین کرد، نزیکەی نیوەی رێژەی فێرخوازان لە گفتوگۆ و چالاکییەکانی ناوپۆلدا بەشداریکردنێکی کارایان هەبوە، بەشێکیان زۆر بەشداریان کردوە بەرێژەی (46.3٪) یان بەشداریکردنێکی بەرێکەوت بوە بەرێژەی (30.9٪)، لەکاتێکدا (18.3٪)ی فێرخوازان بەدەگمەن بەشداربیان لە چالاکییەکانی ناوپۆلدا کردوە و (4.5٪) هەرگیز بەشداربیان نەکردوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە خولەکە بە گشتی بەشداربیەکی باشی بەدەستهێناوە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website


شێوەی 'c' بەگشتی فێرخوازان چالاکییە کارلێککەرەکانی وەک، 'کویز، گفتوگۆ، ئەرک'یان بۆ فێربونی زمان لە کۆرسەکەدا بەم شێوەیە هەڵسەنگاندوە، نیوەی زیاتری بەشداربوان هەڵوێستێکی ئەرێنیان دەربارەی چالاکییەکان هەبوە، بەرێژەی (38.9٪) زۆربەی چالاکییە هەڵسەنگێنداراوەکان یارمەتیدەرن یان تاڕادەیەک یارمەتیدەرن بەرێژەی (33.7٪)، لەگەڵ (14.9٪) زۆر یارمەتیدەر و (12.6٪) یارمەتیدەر نین. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە چالاکییەکان بەگشتی کاریگەر بون، بەڵام ڕەنگە هەندێک پێداچونەوە بە چالاکییەکان سودی زیاتری هەبێت.

شێوەی 'd' نیوەی زیاتری بەشداربوان تێروانینێکی ئەرێنیان هەبوە دەربارەی ئەوەی، کەوا کۆرسەکە هانی بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی پراکتیکی دەدات، بەشێوەیەک ڕێژەی (54.3٪)ی فێرخوازان پێیان وابوە "تاڕادەیەک" هاندەربوە، ڕێژەی (21.7٪)ی فێرخوازان پێیان وابوە بەڵێ زۆر هاندەربوە، و ڕێژەی (24٪) وتویانە بە هیچ شێوەیەک هانی بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی پراکتیکی نادات. ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی، کە دەتواندرێت بەکارهێنانی پراکتیکی یەکگرتوتر بۆ فێرخوازان دیاری بکرێت.

شێوەی 'e' نیوەی زیاتری بەشداربوان دیدێکی ئەرێنیان سەبارەت بە متمانە بەخۆبون لە بەکارهێنانی کارامەییە زمانییەکاندا لە فێربوندا هەیە، بەشێوەیەک زۆربەی فێرخوازان تاڕادەیەک متمانەیان بەخۆیان هەبو بەرێژەی (59.4٪)، هەروەها (30.3٪)ی فێرخوازان زۆر متمانەیان بەخۆبو، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها (10.3٪)ی فێرخوازان لە جێبەجێکردنی کارامەییەکانی زمان متمانەیان بەخۆیان نەبوە. ئەمەش ئەوە دەخاتەرو، کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربوان متمانەیان بەخۆ هەبوە، بەڵام بەردەوامبون و ڕاهێنان یارمەتی ئەو گروپە دەدات، کە کەمتر متمانەیان بەخۆبو.

شێوەی 'f' زۆرینەی بەشداربوان لەگەڵ ئەوەدان ئەگەر خولەکە دوبارەبکرێتەوە، بەرێژەی (65.7٪)ی فێرخوازان بەشێوەی ئۆنلاین بەشداری دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی (34.3٪)ی فێرخوازان بەشێوەی ناوپۆل بەشداری دەکەنەوە، ئەمەش ئەوە بەهێزتر دەکات، کە گەیاندنی ئۆنلاین فۆرماتێکی پەسەندکراوە بۆ زۆرینەی فێرخوازان.

لە وێنەی ژمارە (٥)دا؛ کە شەش شێوە لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە شێوەکانی 'a, b, c, d, e and f'، کە زانیارین دەربارەی بۆچونەکانی فێرخوازان سەبارەت بە فێرکردنی زمان لە خولەکەدا، کە بەم شێوەیە شیکردنەوەیان بۆکراوە؛



وێنەی ژمارە (٥): بۆچونەکانی فێرخوازان سەبارەت بە فێرکردنی زمان

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

شێوەی 'a' لەم پرسیارەدا فێرخوازان دەیانتوانی لە وەڵامێک زیاتر هەڵبژێرن، سەبارەت بەوەی لە کۆرسەکەدا لەکام جۆری کارامەیی زمان باشتربونە، بەم شێوەیە کارامەیی خوێندنەوە زۆرترین هەڵبژێردراو بوە بەرێژەی (48.6٪)، دواتر نوسین (45.7٪)، لەکاتێکدا قسەکردن (29.7٪) و گوێگرتن (28٪) کەمترین رێژەی کارامەیی بوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە خولەکە زیاتر توانا کارامەییەکانی خوێندنەوە و نوسینی بەهێزتر کردوە لە کارامەییەکانی قسەکردن و گوێگرتن.

شێوەی 'b' ئەم پرسیارە بەراوردێکە لەنێوان بەشداربوانی ئۆنلاین و ناوپۆل لە خولەکەدا، بەگشتی زۆربەی فێرخوازان سەبارەت بە پاڵنەر بۆ بەردەوامبون لە بەشداریکردنی خولەکە بەشێوەیەکی بەردەوام ڕایانگەیاندوە، کە تارادەیەک پاڵنەریان هەبوە بۆ بەردەوامبون بەرێژەی (175/94، 53.7٪). رێژەیەکی کەمتر، بەڵام هاوشێوە زۆر پاڵنەریان هەبوە بەرێژەی (175/41، 23.4٪) یان پاڵنەریان نەبوە (175/40، 22.9٪). فێرخوازانی ئۆنلاین کەمێک زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەبوە، کە "تارادەیەک پاڵنەریان هەیە" بەرێژەی (129/71، 55.0٪)، لە کاتێکدا فێرخوازانی ناوپۆل پشکێکی بەرزتریان نیشانداوە کە "پاڵنەر نەبون" (46/14، 30.4٪)، ئەمەش پێشنیار دەکات ڕەنگە پاڵنەرەکان زیاتر تێکەڵاو بن لە گروپی ناوپۆلدا.

شێوەی 'c' بەرواردی نێوان بەشداربوانی پۆل و ئۆنلاینە سەبارەت بەوەی چەندجار فێرخوازان بەشداربیان لە گفتوگۆ/چالاکییەکانی ناوپۆلدا کردوە، بەشداریکردن بەگشتی بەهێز بوە، زۆرجار باوترین وەڵام بوە (175/81، 46.3٪)، دواتر بەشێوەی رێکەوت رێژەی (175/54، 30.9٪)ی فێرخوازان بەشداربونە. فێرخواز کەمتر بەشێوەی بەدەگمەن بەشداربیان کردوە (175/32، 18.3٪)، و تەنها گروپێکی بچوک ڕایانگەیاندوە، کە هەرگیز بەشداربیان نەکردوە ئەویش بەرێژەی (175/8، 4.6٪). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە پێکهاتەی خولەکە هانی بەشداریکردنی چالاکانەی بۆ زۆربەی فێرخوازان داوە لە هەردو فۆرماتی ئۆنلاین و ناوپۆلدا.


شێوەی 'd' ئەمەش بەراوردی نێوان فێرخوازانی ناوپۆل و ئۆنلاینە، زۆربەی فێرخوازان هەستیان بەوە کردوە، کە خولەکە بەشێوەیەکی کارا هانی بەکارهێنانی پراکتیکی زمانی ئینگلیزی دەدات، کە نیوەی زیاتری بەشداربوان پێیان وایە 'تارادەیەک' هاندەرە بەرێژەی (175/95، 54.3٪)، لە کاتێکدا (175/38، 21.7٪) وتویانە 'بەڵێ زۆر'، و (175/42، 24.0٪) وتویانە بە هیچ شێوەیەک هانی بەکارهێنانی پراکتیکی نادات. وەڵامی باڵادەستی "تارادەیەک" پێشنیاری ئەوە دەکات، خولەکە پشتگیری لە پراکتیک دەکات، بەڵام ڕەنگە پێویستی بە ئەرکی قسەکردن/بەکارهێنانی زیاتر بێت بۆ گواستنەوەی فێرخوازی زیاتر بۆ پۆلی "بەڵێ، زۆر".

شێوەی 'e' فێرخوازان لە جێبەجێکردنی ئەو کارامەییانەی لەخولەکەدا فێربون بەشێوەیەکی بەرچاو متمانەبەخۆبونێکی ئەرێنییان هەبو، بەرێژەی (175/104، 59.4٪)ی فێرخوازان تارادەیەک متمانەیان بەخۆبو، (175/53، 30.3٪) زۆرمتمانەیان بەخۆبو، و تەنها بەرێژەی (175/18، 10.3٪)ی فێرخوازان متمانەیان بەخۆنەبو. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە خولەکە بەگشتی ئامادەیی فێرخوازان بۆ بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی باشتر کردوە، هەرچەندە گروپێکی بچوک هێشتا پێویستیان بە پشتگیری/دەرفەتی مەشقی زیاتر هەیە.

شێوەی 'f' فێرخوازان لەکام جۆری کارامەیی زمان باشتر بونە، بۆ هەردو فێرخوازانی ناوپۆل و ئۆنلاین، ئەنجامی وەڵامی فێرخوازان بەم شێوەیە خراوەتەرو، خوێندنەوە بەرێژەی (~32٪) یەکەمی رێزبەندییەکە بو، دواتر نوسین بەرێژەی (~30٪). قسەکردن پلەی ناوەندی نیشاندا بەرێژەی (~19-22٪)، و گوێگرتن کەمترین بو بەرێژەی (~16-17٪). دەتوانین بڵێین، خولەکە بۆ کارامەییەکانی (خوێندنەوە/ نوسین) بەهێزتر دەردەکەوێت، لەکاتێکدا (قسەکردن/ گوێگرتن) لەوانەیە سودمەند بێت لە پراکتیزەکردنی کارلێککاری و دەنگی چڕتر.

لە وێنەی ژمارە (٦)دا؛ کە شەش شێوە لەخۆ دەگرێت ئەوانیش بریتین لە شێوەکانی 'a, b, c, d, e and f'، کە زانیارین دەربارەی ئاستی زمانەوانی و هەڵوێستی مامۆستایان و فێرخوازان لە خولەکەدا، کە بەم شێوەیە شیکردنەوەیان بۆکراوە؛

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website



وێنەی ژمارە (٦): ئاستی زمانەوانی و هەڵوێستی مامۆستایان و فێرخوازان

شێوەی 'a' ڕازیبون لەخێرایی ماوەی خولەکە، بە ئاستی زمانی ئینگلیزی نیشان دراوە: بەشێوەیەک نیوەی زیاتری فێرخوازان هەستیان بە خێراییەکە کردوە و پێیان وابوە، کە خێراییەکە بەڕێژەی (١٧٥/١٠٦، ٦٠.٦٪) گونجاوبوە، لە کاتێکدا (١٧٥/٤٥، ٢٥.٧٪) هەستیان کردوە خێرابوە، و (١٧٥/٢٤، ١٣.٧٪) هەستیان کردوە خاوبوە. جێی ئاماژەیە، وەڵامە "خاوەکان" بەشێوەیەکی سەرەکی لە قۆناغی ناوەندی (19) و پێش ناوەندی (5) بون، لەکاتێکدا پێشکەوتو و سەرەتایی هیچیان تۆمار نەکردوە، ئەمەش پێشنیاری ئەوە دەکات، کە تێڕوانینەکان بەپێی ئاست جیاوازن و خێراییەکی زیاتر بەپێی ئاست (یان پشتگیری/ ئیختیاری) دەتوانێت ڕەزامەندی باشتر بکات.

شێوەی 'b' چۆن فێرخوازان ناوەڕۆکی خولی ئیمپریال بۆ فێربونی زمان هەڵدەسەنگێنن، بەپێی ئاستی ئینگلیزی نیشان دراوە، هەڵسەنگاندنێکی گشتی تێکەڵ بو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی فێرخوازان تێڕوانینێکی ئەرێنیان هەبو، بەمجۆرە کە بەڕێژەی (175/90، 51.4٪)ی فێرخوازان پێیان وابوە ناوەڕۆکی خولەکە 'تاڕادەیەک باش' بو، دواتر 'زۆرباش' بەڕێژەی (175/37، 21.1٪)، لەکاتێکدا (175/48، 27.4٪) بە لاوازیان هەڵسەنگاند. فێرخوازانی ئاستی پێشکەوتو زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەبو، کە ناوەڕۆک بە "زۆرباش" هەڵسەنگێنن (17/10)، لەکاتێکدا فێرخوازانی ناوەندی بەرزترین ژمارەی "لاواز"یان نیشاندا (99/31)، ئەمەش پێشنیاری ئەوە دەکات، کە ڕێکخستنی ناوەڕۆک و ئاستی تەحەدا ' ئاڵەنگاری' ڕەنگە پێویستی بە وردکردنەوە هەبێت بە تایبەت بۆ گروپی ئاستی ناوەند.


شێوەی 'c' بەشێوەیەکی گشتی فێرخوازان زۆر بە ئەرێنی ئاستی زانستی و زمانەوانی مامۆستایانی خولیان هەڵسەنگاند. "نایاب" زۆرترین ڕێژەی بەشداری هەبوە (17/8، 47.1٪)، دواتر "زۆرباش" (17/7، 41.2٪)، لەکاتێکدا تەنها ڕێژەیەکی کەم "باشە"یان هەڵبژاردوە (17/2، 11.8٪). گرنگ ئەوەیە کەس ڕاهێنەرەکانی بە "لاواز" هەڵنەسەنگاندوە (0٪). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕەزامەندییەکی بەرز لە لێهاتویی مامۆستا و کوالێتی پێشکەشکردن.

شێوەی 'd' زۆربەی فێرخوازان هەستیان بەوەکرد، کە چالاکییەکانی کۆرسەکە وەک کویز، گفتوگۆ، ئەرکەکان یارمەتیدەرێکی باش بون و پشتگیری فێربون دەکەن. "یارمەتیدەر" و "زۆر یارمەتیدەر" وەک وەڵامە سەرەکییەکان دانران هەر یەکەیان بەڕێژەی (17/6، 35.3٪ و 35.3٪)، و "تاڕادەیەک یارمەتیدەر" بو بەڕێژەی (17/5، 29.4٪). هەروەها بەڕێژەی (0٪)ی فێرخوازان "یارمەتیدەر نییە"یان هەڵبژارد. بەگشتی، ئەمە ئەوە نیشان دەدات، کە پێکهاتە کارلێککارەکان کاریگەر بون و بەشداریەکی ئەرێنییان لە دەرئەنجامەکانی فێربوندا کردوە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

شێوەی 'e' ئایا خولەکە هانی بەکارهێنانی پراکتیکی زمانی ئینگلیزی دەدات؟ زۆرینە وتویانە، کە خولەکە هاندەری مەشقکردنە "تاڕادەیەک" بەرێژەی (17/11، 64.7٪)، لەکاتێکدا (35.3٪)ی فێرخوازان هەستیان کردوە هاندەری مەشقکردنە "زۆر" (17/6). هیچ خوێندکارێک "بە هیچ شێوەیەک"ی هەڵنەبژاردوە (0٪). ئەمەش بەو مانایەیە، کە خولەکە بەگشتی سەرکەوتوە لە پێشخستنی بەکارهێنانی پراکتیکی، بەڵام زۆرێک لە خوێندکاران هێشتا وەک مامناوەند دەیبینن نەک بەهێزی مەشقکردن، بۆیە زیادکردنی ئەرکی قسەکردنی ژیانی ڕاستەقینەی زیاتر، ڕۆڵگێڕان، یان ئەرکە کارپێکراوەکان دەتوانێت ئەم بوارە بەهێز بکات.

شێوەی 'f' فێرخوازان لەکام کارامەیی زمان باشتر بونە؟ لەبەر ئەوەی خوێندکاران دەتوانن زیاتر لە بژاردەیەک هەڵبژێرن، ئەم ڕێژانە ڕەنگدانەوەی دابەشکردنی هەڵبژاردنەکانە نەک ئەنجامێکی تاک هەڵبژاردن. بەپێی ڕاپرسی فێرخوازانی بەشداربو ئەنجامەکە بەم شێوەیە بو، گوێگرتن زۆرترین کارامەیی هەڵبژێردراو بوە بەرێژەی (30.6٪)، دواتر نوسین (25.0٪)، لەکاتێکدا خوێندنەوە و قسەکردن یەکسان بون هەریەکەیان بەرێژەی (22.2٪). بە کورتی، خوێندکاران هەستیان بە باشتربون کرد لە سەرانسەری چەندین کارامەییدا، لەگەڵ بەهێزترین دەستکەوتی هەستپێکراو لە گوێگرتندا.




وێنەی ژمارە (٧): ئاستی ڕەزامەندی فێرخوازان لە فێرکردنی زمان بەپێی شێوازی فێرکردن و ئاستی زمان

لە وێنەی ژمارە (٧)دا؛ کە دو شێوە لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە شێوەکانی 'a, b'، کە باس لە پێکهاتەی گشتی خولی ئینگلیزی ئۆنلاین دەکات لەنێوان بەشداربوانی ناو پۆل و ئۆنلاین بۆ هەر چوار ئاستی 'سەرەتا، پێش ناوەند، ناوەند و پێشکەوتو'، کە بەم شێوەیە شیکردنەوەیان بۆکراوە؛ شێوەی A، بەگشتی ئەنجامی ڕاپرسییەکە تێڕوانینێکی ئەرێنی بەرانبەر پلاتفۆرمی ئۆنلایئی خولی ئیمپریال لەنێوان هەردو بەشداربوانی فێربونی زمان لە ناو پۆل و ئۆنلایندا نیشاندا، هەرچەندە فێرخوازانی ئۆنلاین بەرێژەیەکی بەرزتر ڕەزامەندیان نیشاندا. بەم شێوەیە گروپی فێرخوازانی ئۆنلاین بەرێژەی (63٪)ی فێرخوازان ڕازی بون و (20٪) بەزۆری ڕازی بون، لە کاتێکدا تەنها ڕێژەی (6٪)ی فێرخوازان بەزۆری لەگەڵ کاریگەری پلاتفۆرمەکەدا نەبون و (10٪) ناکۆک بون لەگەڵ کاریگەری پلاتفۆرمەکە. بە بەراورد، گروپی ناوپۆل (58٪) ڕازی بون و (4٪) زۆر ڕازی بون (8٪) زۆر ناڕازی بونە و (28٪) ناڕازی بونە. جیاوازی بەرچاو لەنێوان هەردو گروپەکەدا (P<0.0001) ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی، کە فێرخوازانی فێربونی ئۆنلاین بەشێوەیەکی بەردەوامتر لە پلاتفۆرمەکە ڕازی بون لە چاو فێرخوازانی ناوپۆل. کاتێک وەڵامەکان بەپێی ئاستی توانای زمانی ئینگلیزی شیکرانەوە (شێوەی B)، هەمو گروپەکان پشتگیرییەکی بەهێزیان بۆ پلاتفۆرمەکە نیشاندا. لە ئاستی پێشکەوتودا (41٪) زۆر ڕازی بون، (58٪) ڕازی بون، بەڵام ناڕازی و زۆرناڕازی بەهیچ شێوەیەک نەبو، لە ئاستی سەرەتادا (30٪) زۆر ڕازی بون، (60٪) ڕازی بون (10٪) ڕازی نەبون. لە ئاستی پێش ناوەند (١٤٪) زۆر ڕازی بون، (٦٣٪) ڕازی بون، (16٪) ناڕازی بون، (6٪) زۆر ڕازی نەبون. لە ئاستی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ناوەند (١١٪) زۆر ڕازی بون، (٦٢٪) ڕازی بون، (17٪) نارازی و (9٪) زۆر ڕازی نەبون. لە کۆی گشتی هەمو ئاستەکانی لێهاتوییدا، "ڕازیم" پۆلی وەڵامدانەوەی باڵادەست بو، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی، کە فێرخوازان لە ئاستە جیاوازەکاندا بە بەردەوامی پلاتفۆرمەکەیان وەک سودبەخش هەست پێکردوە. بە گشتی، دۆزینەوەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە پلاتفۆرمی ئۆنلاینی ئیمپریال بەشێوەیەکی بەرفراوان کاریگەرە، لەگەڵ قبوڵکردنی بەهێزی تایبەت لەنێوان فێرخوازانی ئۆنلاین و فیدباکێکی ئەرێنی بەهێز لە سەرانسەری هەمو ئاستەکانی لێهاتوییِ.



وێنەی ژمارە (٨): کارامەییەکانی زمان لەنێوان ئاستەکانی فێرخوازان و شێوازی فێرکردن

لە وێنەی ژمارە (٨)دا؛ کە دو شــێوە لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە شــێوەکانی 'a, b'، کە باس لەوە دەکات بەشــداربوان لە سەرانسەری چوار کارامەیی زمان (گوێگرتن، خوێندنەوە، نوسین و قسەکردن) بەپێی ئاستی لێهاتوییِ (شێوەی a) و شێوازی فێرکاری (شێوەی b) دەخاتەڕو. بەمشێوەیە شیکردنەوەیان بۆکراوە؛ شێوەی A، شیکارییەکان جیاوازییەکی ئاماری بەرچاوی لە باشــتربونی توانای زمانی هەســتپێکراوی لە ســەرانســەری ئاســتەکانی لێهاتوییدا ئاشــکرا کرد (P=0.0119). لە ئاســتی پێشــکەوتودا، گوێگرتن زۆرترین ڕێژەی باشــتربونی هەســتپێکراوی پێکهێناوە (30٪)، دواتر نوســین (25٪)، قســەکردن (23٪) و خوێندنەوە (22٪). لە نێوان فێرخوازانی ســەرەتاییدا، خوێندنەوە گەورەترین پشــکی باشــتربون (33٪)، لە کاتێکدا گوێگرتن کەمترین کارامەیی بو (13٪)، نوســین و قســەکردن بە ڕێککەوت (26٪ و 25٪)ی باشــتربونی هەســتپێکراوی پێکهێناوە. فێرخوازانی ســەرەتایی بە هەمان شــێوە زۆرترین پێشکەوتنیان لە خوێندنەوەدا هەبوە (39٪)، دواتر قسەکردن (23٪)، نوسین (20٪) و گوێگرتن (17٪). لە بەرانبەردا، فێرخوازانی ناوەند زۆرترین پێشکەوتنیان لە نوسیندا ڕاگەیاندوە (35٪)، کە خوێندنەوە (30٪)ی پێکهێناوە، قسەکردن (17٪) و گوێگرتن (15٪)ی دەســتکەوتە هەســتپێکراوەکان. 'شــێوەی b' هیچ جیاوازییەکی ئاماری گرنگ لە نێوان فێرخوازانی ناوپۆل و ئۆنلاین لە باشــتربونی توانای زمانی هەستپێکراویدا بەدی نەکرا (P=0.988). لە فێرکاری ناوپۆلدا، خوێندنەوە (32٪)ی پێکهێناوە، دواتر نوسین (30٪)، قسەکردن (19٪) و گوێگرتن (17٪). دابەشبونێکی بەراوردکاری لە فێرکاری ئۆنلایندا بەدیکرا، کە خوێندنەوە نوێنەرایەتی (32٪)ی باشتربونی هەستپێکراو دەکات، نوسین (29٪)، قسەکردن (21٪) و گوێگرتن (16٪)، بەمەش جیاوازییەکی وا بەرچاو لە جۆری فێربونی زمان بە هەردو شــێوازەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەســەر ئاســتی فێربونی کارامەییەکانی فێربوندا نییە، چونکە ئەنجامەکان لەیەک نزیکن.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٤- گفتوگۆ، ئەنجام و پێشنیاز

٤-١ گفتوگۆ:

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەی لە رۆڵی تەکنەلۆژیا لەسەر فێربونی زمانی دوەمدا کردوە، بەتایبەت زمانی ئینگلیزی لە خولی ئیمپریال. ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە تەکنەلۆژیا کاریگەری ئەرێنی بەرچاوی لەسەر توانای زمانی فێرخوازان، پاڵنەر، متمانە و بەشداریکردنی گشتی لە پرۆسەی فێربوندا هەیە. ئەم ئەنجامانە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی پێشو لە فێربونی زمان بەیارمەتی تەکنەلۆژیادا یەکدەگرنەوە، کە جەخت لەسەر بەهای تێکەڵکردنی ئامرازە دیجیتاڵییەکان لە فێرکاری زمانی دوەمدا دەکاتەوە.

یەکێک لە دیارترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە فێرخوازان هەستیان بە باشبون لە هەر دو کارامەییەکانی زمان؛ خوێندنەوە و نوسین کردوە. فێرخوازان ڕاپۆرتیاندا، کە سەرچاوە مالتیمیدیاییەکان، پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان و ئەپە مۆبایلەکان زانیاریی کی ڕەسەنتر و سەرنجڕاکێشتر پێشکەش دەکەن، وەک بەراورد بە مادده تەقلیدییەکانی پۆل. ئەم دۆزینەوەیە پشتگیری تیۆری «داتای وەرگیراو»ی کراشن (1982) دەکات، کە جەخت لەسەر گرنگی پێشکەشکردنی زانیاری تێگەیشتو (i+1) دەکات. دەستڕاگەیشتن بە ڤیدیۆ، پۆدکاست، ڕاهێنانی کارلێککارانە و ناوەڕۆکی ژیانی ڕاستەقینە لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، وای لە فێرخوازان کردوە، کە بەشێوەیەکی هێواش و بەردەوام تواناکانیان پەرە پێبدەن.

هەروەها، ئەنجامەکان کاریگەری بەرچاوی مۆدێلی فێربونی تێکەڵاو (ئۆنلاین + ناوپۆل) پشتڕاست دەکەنەوە، کە بەراورد بە فێربونی تەقلیدی بەکاریگەرتر دیاریکرا، چونکە لە فێربونی تەقلیدی مامۆستا هەمو شتێک بو، قوتابی سەنتەر نەبو تەنیا گوێگر بو، هەروەها ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەشێوەیەکی ڕەها بونیان نەبو تا ببنە پاڵپشت و ئاسانکار لە فێربونی زماندا. بەشداربوان ئاماژەیان بەوە کرد فێربونی تێکەڵاو دەرفەتی فێربون، و پشتگیری لە فێربونی خۆبەخۆ زیاد دەکات و دەرفەتی زیاتر بۆ پراکتیزەکردن دابین دەکات. ئەم ئەنجامانە لەگەڵ تیۆری کۆمەڵایەتی و کەلتوری ڤیگۆتسکی (1978) هاوتەریەن، چونکە پلاتفۆرمە نێوەندگیرییەکانی تەکنەلۆژیا ڕەنگە وەک ئامرازی سەپێنراو کار بکەن، کە پێشکەوتنی فێرخوازان بەرەو ئەدای سەربەخۆتر بەرەوپێش دەبەن. سەرەڕای ئەوەش، کارلێکی ئۆنلاین لەڕێگەی مەکۆ و چالاکییە هاوبەشەکانەوە ڕەنگدانەوەی گریمانەی کارلێککردنی لۆنگ (1999)ە، کە جەخت لەسەر گرنگی کارلێکی مانادار لە بەدەستهێنانی زمانی دوەمدا دەکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە تەکنەلۆژیا پاڵنەری فێرخوازان و متمانەیان بە تواناکانی زمانییان بەرز دەکاتەوە. زۆربەی بەشداربوان هەستیان بە ئارەزوی زیاتر کردوە بۆ فێربونی زمان کاتێک ئامرازە دیجیتاڵییەکان بەکارهێناون. ئەم ئەنجامە لەگەڵ تیۆری "فلتەری سۆزداری" کراشن هاوتایە، چونکە ژینگەی فێربونی سەرنجڕاکێش و چێژبەخش دەتوانێت ترس و فشار کەم بکاتەوە و ڕێگە بە وەرگرتنی زانیاری بەشێوەیەکی کاریگەرتر بدات. جگە لەوەش، ئەنجامەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە تەکنەلۆژیا سەربەخۆیی فێرخواز لەڕێگەی چالاککردنی دەستڕاگەیشتن بە کەرەستەی ئۆنلاین ئاسان دەکات، بەرنامەکانی فێربونی زمان و ئامرازەکانی خۆهەڵسەنگاندن، ئەنجامێک کە هاوتەریە لەگەڵ دیدگا بونیادگەرییەکان سەبارەت بە پەروەردەی فێرخواز، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە فێرخواز نابێت تەنها وەرگری پاسیڤ بن، بەڵکو دەبێت بەشدارین لە دروستکردنی زانیارییەکانیان.

سەرەڕای ئەم سودانە، چەندین ئاستەنگ دەستنیشانکران، لەوانە دەستڕاگەیشتنێکی نایەکسان بە پەیوەندی ئینتەرنێتی متمانەپێکراو، وەک لە وێنەی ژمارە ٣دا شێوەی e، کە تیایدا (٥٠،٩٪)ی فێرخوازان کشەی ئەپلۆد و داونلۆدیان هەبوە. گۆڕانکاری لە خوێندەواری دیجیتاڵی فێرخوازان، و کێشەکانی پەیوەست بە خۆڕێکخستن لە ژینگەکانی فێربونی ئۆنلاین. ئەم جۆرە سنوردارکردنانە دەنگدانەوەی نیگەرانییەکانی پێشون سەبارەت بە دابەشبونی دیجیتاڵی و کاریگەرییەکانی لەسەر یەکسانی پەروەردەیی (لۆنگ، ١٩٩٩). ئەم پرسانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە تەکنەلۆژیا بە تەنیا بەس نییە بۆ دڵنیابون لە دەرئەنجامی فێربونی کاریگەر بەبێ دیزاینی فێرکاری گونجاو و ڕێنمایی بەردەوامی مامۆستا (کریم، ٢٠٢٣، ل. ٢٣).

لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەڕو، کە تەکنەلۆژیا، بە تایبەتی لە چوارچێوەی فێربونی تێکەڵاودا، کاریگەرییەکی ئەرێنی بەرچاوی لەسەر دەرئەنجامەکانی فێربونی زمانی دوەمدا هەیە، بەڵام ڕێبازێکی هاوسەنگ و پلان بۆ دارێژراوی سیستماتیکی بۆ یەکخستنی تەکنەلۆژیا زۆر گرنگە، بۆئەوەی بەها پێداگۆژییەکەی بەرزتر بێت. توێژینەوەکانی داهاتو پێویستە دیزاینی درێژخایەن یان ئەزمونیی بەکاربهێنن بۆ پێوانەکردنی دەستکەوتە بابەتییەکان لە توانای زماندا و بۆ پشکنینی کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا تایبەتەکان لە سەرانسەری چوارچێوەی پەروەردەی جۆراوجۆردا.

٤-٢ ئەنجام:

1. شیکردنەوەکان دەریانخست، کە تەکنەلۆژیا بوەتە هۆی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ژینگەی فێربوندا. ڕەزامەندیی بەرچاوی فێرخوازانی ئۆنلاین (p<0.0001) ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی مۆدێلی "فێربونی خۆڕاهێن (Self-Directed Learning)". تەکنەلۆژیا توانیویەتی سنورە کاتی و شوێنییەکان ببڕێت و ژینگەیەکی فێربونی گونجاو بۆ فێرخواز دابین بکات.
2. توێژینەوەکە دەریخست، کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە پەرەپێدانی کارامەییە وەرگرەکان وەک؛ 'خوێندنەوە و گوێگرتن' زۆر کاریگەرترن بەراورد بە کارامەییە بەرهەمهێنەکان وەک؛ 'نوسین و قسەکردن'. ئەم جیاوازییە دەیسەلمێنێت هەرچەندە تەکنەلۆژیا 'بەرکەوتەی تێگەیشتو' بەباشی دابین دەکات، بەڵام هێشتا پێویستی بە دیزاینی پێشکەوتوتر بۆ هاندانی کارلێکی ڕاستەقینە و قسەکردنی ئازاد هەیە.
3. ئەنجامی توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ڕۆڵی مامۆستا لە سیستەمی تەکنەلۆژیدا نەک تەنها کەم نەبوەتەوە، بەڵکو گۆڕاوە بۆ "ئاسانکار و ڕێبەر. نرخاندنی بەرزی توانای مامۆستایان لەلایەن فێرخوازانەوە بەرێژەی (٩٧.١٪) دەیسەلمێنێت، کە سەرکەوتنی تەکنەلۆژیا بەندە بە بونی پشتگیرییەکی مرۆیی کارا لە مۆدێلی 'فێربونی تێکەڵاو'.
4. کێشە تەکنیکییەکان (٥٠.٩٪) وەک بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم فێربونی دیجیتاڵیدا ماونەتەوە، بۆیە پێویستە تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی هاوسەنگ و پلاندانراو ئەنجام بدرێت، بۆئەوەی زۆرترین سودی لێ وەربگیرێت. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی فێربونی زمان تەنها بەند نییە بە ناوەڕۆکی زانستی، بەڵکو بەندە بە کوالێتی ژێرخانی تەکنیکی و ئاستی هۆشیاریی دیجیتاڵی لای فێرخوازان.

٤-٣ پێشنیاز:

1. پەرەپێدانی کارلێک: زیادکردنی چالاکییەکانی قسەکردنی ڕاستەوخۆ لەناو پلاتفۆرمەکەدا.
2. چارەسەری تەکنیکی: دابینکردنی سیستەمی "کارکردن بەبێ ئینتەرنێت (Offline mode) بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری بڕانی ئینتەرنێت.
3. فێرکردنی جیاواز: ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی داتاکانی پلاتفۆرمەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێویستییە تایبەتەکانی هەر فێرخوازێک

سەرچاوە:

جەباری، ع. ی. ئ.، ٢٠١٦. دەرونزانی پەروەردەیی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
قەرەچەتانی, ک. ش., ٢٠٠٨. سایکۆلۆژیای پەروەردەیی. چاپی یەکەم. سلێمانی :چاپخانەی پەیوەند.
کریم، ئ. ع.، ٢٠٢٣. ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربونی زمانی دوەمدا. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
AHMADI, M. R. 2018. The use of technology in English language learning: A literature review. *International Journal of Research in English Education,* 10**,** 117.https://doi.org/10.29252/ijree.3.2.115
ALSULAMI, S. 2016. The effects of technology on learning English as a foreign language among female EFL students at Effatt College: An exploratory study. *Studies in Literature and Language,* 12**,** 1.https://doi.org/10.3968/7926
AMIR, H. S. & RUSTAM, U. 2025. The role of technology in English language learning in the digital era. *Lingeduca: Journal of Language and Education Studies,* 4**,** 1.https://doi.org/10.70177/lingeduca.v4i1.2048
ANNET, K. A. 2024. The role of technology in language learning: Tools and techniques. *Eurasian Experiment Journal of Scientific and Applied Research,* 5**,** 26
BUDIMAN, A. 2020. ICT and foreign language learning: An overview. *Tarling: Journal of Language Education,* 3**,** 245.https://doi.org/10.24090/tarling.v3i2.3913
CHAPELLE, C. A. 2003. *English language learning and technology: Lectures on applied linguistics in the age of information and communication technology*.
HTTPS://GOV.KRD/MOHE./
KRASHEN, S. 1982. Principles and practice in second language acquisition .
LIU, T., ZHANG, Z. & GAO, X. 2023. Pedagogical design in technology-enhanced language education research: A scoping review. *Sustainability,* 15**,** 6069.https://doi.org/10.3390/su15076069
OTHMAN, S. M. 2025. The Impact of Technology on English Language Learning. *International Journal of Multidisciplinary Comprehensive Research,* 4**,** 81.https//:doi.org/10.54660/IJMCR.2025.4.3.81-85
PINARGOTE, Á. M. K., PONCE, H. X. M., ALCÍVAR, S. N. B., COBEÑA, M. C. I. & MENDOZA, L. A. C. 2024. The use of technology and its impact on the strengthening of english vocabulary. *Ciencia Latina Revista Científica Multidisciplinar,* 8**,** 1617.https://doi.org/10.37811/cl_rcm.v8i4.12398
SHCHERBUKHA, R. & VOVK, O. 2025. MAJOR THEORIES OF LANGUAGE ACQUISITION. *Collection of scientific papers «ΛΌГΟΣ»***,** 315.https://doi.org/10.36074/logos-14.02.2025.065

DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130

SHEHAB, H. M. 2022. The effect of technology on learning English as a second language. *International Journal of Social Science and Humanities Research,* 10**,** 474.https://doi.org/10.5281/zenodo.7431770

THORNE, S. L. 2003. Artifacts and cultures-of-use in intercultural communication.https://doi.org/10.64152/10125/25200

TOSHEVA, N. & KODIROVA, N. 2021. Use of modern information technologies to increase the effectiveness of language learning. *Buxoro davlat pedagogika instituti jurnali,* 1.http://dx.doi.org/10.5958/2249-877X.2021.000540.

VYGOTSKY, L. S. 1978. *Mind in society: The development of higher psychological processes*, Harvard university press.

ZHANG, R. & ZOU, D. 2022. A state-of-the-art review of the modes and effectiveness of multimedia input for second and foreign language learning. *Computer Assisted Language Learning,* 35**,** 2790.https://doi.org/10.1080/09588221.2021.1896555